ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

KURDISTAN ENGINEERS UNION یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان 1992 2592 KEU

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی سیانزەهەم هاوینی ٢٠١٥ ژمارە (٥٣)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

لەم ژمارەیدا

هەوالّ و چالاکی	لاپەرە ٢
سەلامەتی پیشەسازی (نەوزادی مهندس)	لاپەرە ٧
ئامێرەکانی چارەسەری سروشتی (مەریوان قفطان)	لاپەرە ١٧
ڕێکخراوی فرینی شارستانی نێودەوڵەتی(ICAO) (بەشی پێنجەم) (طاهر عبدالله قادر)	لاپەرە ٢٣
چاوپێکەوتن / نیهاد ڕەشید امین	لاپەرە ٢٩
پۆلیمەرو بەکارهێنانەکانی لەگەلّ قیری شلدا (بەهرۆز جلال محمد)	لاپەرە ٣١
سستمی شوێنکەوتەی جیهانی (قاسم حمه خورشید حمه مراد)	لاپەرە ٣٥
چۆنیەتی لێدانی تـونێل (شاهۆ ڕەشید غفور)	لاپەرە ٣٩
ڕیپۆرتاژ/ پاڵاوگەی دوکان لە سلێمانی	لاپەرە ٥٢
بۆ زاخاوی مێشک	لاپەرە ٥٥
پرۆژە ئەندازیاریەکان	لاپەرە ٥٩
الهلیکوبتر السیاحی فی کردستان ...مقترح تطویری (فارس فاضل الجواری)	لاپەرە ٦٢
کیف تصبح مهندسا حقیقیا (الانترنیت)	لاپەرە ٦٥
أثراستخدام مواد التغلیف المرکبة (جوان جبار محمد)	لاپەرە ٧٤
طرق و أسالیب البحث و التنقیب عن النفط (الانترنیت)	لاپەرە ٨٢
مستقبل احتیاجات العالم من الطاقة (الانترنیت)	لاپەرە ٨٨

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان
(نەوزادی موهەندیس)

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م :07710251171

ژ.م :07501047235

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم
بارەگای یەکێتی
ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حمە غریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

نۆفسیێتی پیرەمێرد

هەوالْ و چالاکی

نوسینگە ئەندازیاریەکان

● لەبەر ڕۆشنایی ماددەکانی (نضام مكاتب الهندسية)ی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە . کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان . مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیارایانە داوە:

١. نوسینگەی ئەندازیاری (LANOVA) بۆ ئەندازیار (سیروان حەمە امین) بە ژمارە مۆڵەتی (٢٠٨) لە بەرواری (٢٠١٥/٧/١٢).

٢. نوسینگەی ڕاوێژکاری (VOGUE) بۆ ئەندازیار (هەوراز عمر محمد) بە ژمارە مۆڵەتی (٢٠٩) لە بەرواری (٢٠١٥/٧/١٣).

٣. نوسینگەی ڕاوێژکاری (ڤۆید- VOID) بۆ ئەندازیار (عباس محمد ابوبکر) بە ژمارە مۆڵەتی (٢١٠) لە بەرواری (٢٠١٥/٨/٦).

٤. نوسینگەی (کۆنسێپت هاوس- Concept house) بۆ ئەندازیار (هێمن عمر حەمە سعید) بە ژمارە مۆڵەتی (٢١١) لە بەرواری (٢٠١٥/٨/١٦).

● وەک کاری لێپرسینەوە و بەدواداچوون و چاودێریکردنی کاری نوسینگە ئەندازیاریەکان ، **یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان** بڕیاریدا بە سزادانی نوسینگەی (**ئایندە**) بە یەک ساڵ هەڵپەساردن لە بەرواری ٢٠١٥/٦/١٥ وە .

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
اتحاد مهندسی کوردستان
لیژنەی نوسینگەکان

کۆمیتەی باڵا
ژمارە / ٥٦٢
بەروار / ٦/١٤ / ٢٠١٥

فەرمانی کارگێڕی

پشت بەستن بە بڕگەی (٦) لە مادەی (٩)ی پەیڕەوی نوسینگە ئەندازیارییەکان بڕیارماندا بە هەڵپەساردنی نوسینگەی ئەندازیاری (ئایندە) لە بەرواری (٢٠١٥/٦/١٥ تا ٢٠١٦/٦/١٥) کە دەکاتە یەک ساڵ .

ڕەنج عبدالحمید محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

وێنەیەک بۆ:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان, بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردوستان/ ئەنجومەنی سەندیکا هاوپێچ لەگەڵ سەرجەم بەرایەکانی / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرپرسی لیژنەی نوسینگەکان (لجنه المکاتب) / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- لقەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیاران / بۆ دابەزاندنی.....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرپرسی مالپەڕی ئەندازیاران / بۆ دابەزاندنی.....لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی(**ئایندە**) / نوسراوتان ژمارە (١٢ لە ٢٠١٥/٦/٧) .....لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی نوسینگەی ناوبراو.
- دۆسیەی گشتی.

Dashty.Sorany@keu92.org
E-mail: info@keu92.org
www.keu92.org

١٨٩

● وەک کاری لێپرسینەوە و بەدواداچوون و چاودێریکردنی کاری نوسینگە ئەندازیاریەکان ، یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان بڕیاریدا بە سزادانی نوسینگەی (زانکۆ) بە داخستنی نوسینگەکە لە بەرواری ٢٠١٥/٧/٢٨ وە .

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
اتحاد مهندسی کوردستان
Kurdistan Engineers Union

کۆمیتەی بالآ
ژمارە/ ٦٤٤
بەروار/ ٢٠١٥ / ٧ / ٢٨

فەرمانی کارگێڕی

ئاماژە بە بڕگەی (٧) لەکۆنوسی کۆبونەوەی کۆمیتەی بالآ ژمارە (٥٦٥ لە ٢٠١٥/٧/٢٦) ڕەزامەندی درا لەسەر :

١. داخستنی نوسینگەی ئەندازیاری زانکۆ (ترقین قید) بەپێی مادەی (٥) بڕگە (٥) دەسەلآتەکانی لیژنە.
٢. قەدەغەکردنی کاری نەخشەکێشان بۆ ماوەی شەش مانگ لەئەندازیاری شارستانی (مهدی حمه احمد) بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی نوسینگە.
٣. قەدەغەکردنی کاری نەخشەکێشان بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ هەردوو ئەندازیاری تەلارسازی نوسینگەکە (فراس شهد نوری) و (ووشیار حمه رشید) .
٤. پێویستە نوسینگەی ناوبراو لە ماوەی یەك مانگدا ئەسۆ پاکی خۆی بدات لەڕووی دارایی و کارگێڕی یەوە.
٥. ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە.

ڕەنج عبدالحمید محمد
سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

وێنەیەك بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- سەندیکای ئەندازیارانی کوردوستان/ ئەنجومەنی سەندیکا هاوپێچ لەگەڵ سەرجەم بەرایەکانی / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرپرسی لیژنەی نوسینگەکان (لجنه المکاتب) / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- لقەکانی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیاران / بۆ دابەزاندنی.....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەرپرسی مالپەڕی ئەندازیاران / بۆ دابەزاندنی.....لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی(زانکۆ) / بۆ ئاگاداریتان.....لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی پاجی دەرامەتی سلێمانی.....لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی نوسینگەی ناوبراو
- دۆسیەی گشتی.

☎ ٣٢٠٨٨٠٨ ٣٢٠٢١٦٥
E-mail :info@keu٩٢.org
www.keu٩٢.org

KURDISTAN ENGINEERS UNION
یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
1993 2002

پیرۆزبایی

بەبۆنەی
هاتنەوەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و خوازیارین کە هەموو رۆژێکیان هەر جەژن و خۆشی و شادی بێت و کوردو کوردستانیش لە جەنگ و بەلای کۆنە پەرستان و تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانیان پارێزراو بێت و کوردستانمان لەم قەیرانی داراییە رزگاری ببێت و ئەندازیارانیش قۆڵی مەردانەو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی ئابووری و ژێر خانی داتەپیوی کوردستانی لێهەڵمالن لە پێناو زیاتر خزمەتکردنی گەلەکەمان و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانیان....

دووبارە پیرۆز بێت .....

جەژنتان پیرۆز بێت

Happy Eid

کل عام وانتم بخیر

گۆڤاری ئەندازیاران

ئاگاداری

* بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی گۆڤاری ئەندازیاران لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە .

* داواکارین لە سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز کە بە ناردنی بابەتی ئەندازەیی یان بە ڕەخنە و پێشنیاز هاوکاریمان بکەن...و لەکاتی ناردنی بابەتەکاندا تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن... لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا..

١. بابەتەکان لە یەکێک لە بوارە ئەندازەییەکاندا بێت .

٢. هەر بابەتێک لە ١٠ لاپەڕەی ((A4))کەمتر نەبێت .

٣. گەر بابەتەکە وێنەی تایبەتی لەگەڵدا بوو باشترە .

٤. بابەت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکەینەوە . بەڵام چانسی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زیاترە .و تکایە ناوی سەرچاوەکانیش بنوسن .

٥. تکایە بابەتەکان گەر بەزمانی کوردی بوو بە فۆنتی ((Ali_K_Sahifa Bold)) بێت و گەر بەزمانی عەرەبیش بوو بە فۆنتی ((Ali-A-Sahifa Bold)) بێت .و بە قەوارەی ١٥ بێت .

٦. بابەتەکان گەر لەسەر CD یان لە ڕێگەی ئیمەیلی سەرنوسەرەوە ((nawzad_mohandis@yahoo.com)) بێت ساناتر و خێراتر بڵاو دەکرێنەوە و لەهەڵەی چاپکردن دوورەدەکەوینەوە .

٧. تکایە لەگەڵ ناردنی بابەتەکاندا وێنەیەکی کەسی و کورتەیەکی ژیاننامەی خۆشتان بنێرن..

٨. گەر بابەتەکانتان لە نوسینی خۆتان نەبوو. وە وەرتان گێڕابوە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی تکایە لە چ سەرچاوەیەک یان پێگەیەکی ئەندازیاری لە ئەنتەرێتەوە وەرگیرابووئاماژەیان پێبدەن.

دووبارە ڕێز و سوپاسمان قبوڵ بفەرموون....

گۆڤاری ئەندازیاران

سەلامەتی پیشەسازی.....

ئەندازیاری شارەزا
نەوزاد عوسمان عبدالرحمن
بەڕێوەبەری کارگەی چەرمو پوختەکردن و
ترشاندنی تووتن لە سلێمانی
nawzad_mohandis@yahoo.com

پێشەکیەکی میژوویی

کاتێک شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا دەستیپێکرد و جووتیارەکان بە ژمارەیەکی زۆر ڕوویانکردە شارەکان کە پیشەسازی لێبوو بۆ ڕاکرد بوو لە بە کۆیلەکردیان کە ڕووبەڕوویان دەبۆوە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە، لەگەلیشیدا ڕووداوی زۆر سەریانهەڵدا کە دەبونە هۆی تووشبونی ئەو کۆچکەرانە کە هیچ شارەزاییەکیان نەبوو دەربارەی پیشەسازی و مەترسیەکانی .ئاشکرایسە کە کارگە پیشەسازیەکان جۆرەها مەترسیان تیادایە، بۆچونێکیش هەبوو گەر هەرکاتیک ڕووداوێک ڕووبدات و کرێکارەکە هۆکاری ڕوودانی بێت ئەوا خاوەن کار هیچ لێپرسراوێتیەکی ناکەوێتە ئەستۆ .بەڵام کاتێک ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ترسناک زیادبوون بەشێوەیەک هەموان قسەیان لەسەر دەکرد، یاساو ڕێنماییەکان دەرکران بەشێوەیەک خاوەن کارەکانی ناچار دەکرد کە قەرەبووی قوربانیە و بەرکەوتوەکان بکەنەوە تەنانەت گەر کرێکارەکانیش هۆکاری ڕووداوەکە بوبن .کاتێکیش خاوەن کارگەکان بارودۆخی کارەکانیان باشتر کرد و قەرەبوەکانیان دا بە کرێکارەکان بوە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی کارەسات و ڕووداوەکان، بەڵام جارێکی تر ڕێژەی ڕووداوەکان بەرزبونەوە بەهۆی زۆری توخمە ئەندامی و کیمیاویەکان لە کارگەکاندا کە دەچوونە کارە پیشەسازیەکانەوە و فراوانبوونی پشتبەستن لەسەر مەکینە و ئامیرەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا سەرەڕای هۆکارێکی سەرەکی تر کە بریتیە لە مامەڵەکردنێکی نا یەکسان لەگەڵ ئاسایشی پیشەسازیدا لە ڕووی ئیداریەوە لەگەڵ گرنگترین ئامانجی کارگەکاندا کە ئەویش قازانجە .

چەمکەکانی سەلامەتی لە کارگە پیشەسازیەکاندا:

ئاسایش و سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی چەمکی گشتین،مانای خۆ پاراستن دێن لە ڕووداو و بەرکەوتنی کار بۆ سەرجەم توخمەکانی بەرهەم کە بریتیە لە مرۆڤ و ئامێر و توخمەکان و ڕۆڵی سەرجەم بوارەکانی کار و پیشە تەکنیکی و ئەندازیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی و تەنانەت خزمەتگوزاریش دەگرێتەوە .

سەلامەتی ڕاستیەکە ناتوانرێت چاویلێبپۆشرێت یان

وازیلێبهێنرێت لەبەرئەوەی بریتیە لە کۆمەڵێک پێوانە و هۆکار و خزمەتگوزاری کە پارێزگاریدەکەن لە ڕێڕەوی ئیشوکارەکان بەشێوەیەکی سەلامەت و پاراستنی لە کاولکاریە دەرەکیەکان و ڕێگە لە مەترسیەکانیشی دەگرێت.

مەسەلەی پارێزگاری لە سەلامەتی تەندروستی مرۆڤ لە پێشینەی پێداویستیەکانی ئاسایشەوە دێت ، لەبەرئەوەی بەرهەمی کارەکان بریتیە لە کارلێکی نێوان توخمەکانی بەرهەم ئالێرەوە فراوانی سەلامەتی و سەرتاپاگیریەکەی بۆ پاراستن تەنها توخمی مرۆیی و تەندروستیەکەی ناگرێتەوە. بەڵکو مادەکان و ئامێرەکانیش دەگرێتوە کە دەچنە پڕۆسەی بەرهەمهێنانەوە لە لەناوچوون و بەهەدەردان و هەروەها بۆ سەر سەلامەتی ژینگەی کاریش.

لە دامەزراو و کارگە پیشەسازیە بەرهەمهێنەکاندا شوە و شێوازی ئیشوکارەکان و پڕۆسەی بەرهەمێنانەکان جۆراوجۆرن هەربۆیەش هەمەجۆری هۆکارەکانی کە هەوڵی دابینکردنی سەلامەتی و ژینگەی کارەکان و تەندروستی بەرهەمهێنەرەکان و پاراستنی ئامێر و مەکینەکان و توخمەکان و بەرهەمە دروستکراوەکان دەدەن لە خراپبوون و بەهۆی ڕوودواوەکان و مەترسیەکانیانەوە لەناو کرێکاراندا دەبێتە هۆی پێدانی دڵنیایی و ئەمان و بەهۆشیەوە بەرهەم چسپاو جێگیر دەبێت و سەرکەوتش دەبێت و کارەکانیش ڕێچکەی ئاسایی خۆیان وەردەگرن بەبێ بوونی زەرەر و زیان.

❖سەلامەتی لە کارگە پیشەسازیەکاندا:

١. ڕووناکی

ڕووناکی ڕووی کارەکان بە ڕووناکیەکی پێویست یەکێکە

لەداواکاریە بنچینەییەکان، زۆر کات ڕووناکی تیایدا بەهۆی گڵۆپی غازیەوە دەبێت کە ڕوناکیەکی بەرز و جێگیرە لە بنمیچەکاندا.لەسەر ئاستی جیهان ڕێکەوتنکراوە لەسەر ئەوەی کە توندی ڕوناکی لە نێوان ١٠-٢٥٪ بێت لە ڕوناکی سروشتیلە ڕۆژێکی بێ هەوردا.

دەبێت ئەوە بزانین کە بەرزی ئاستی ڕووناکی لە کارگەکاندا دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی بەرهەم و داهاتێکی زیاتری دەبێت لە تێچوون. هەندێ پیشەسازیش پێویستیان بە ڕووناکی زیاتر هەیە تا ئاستی ڕوناکی سروشتی وەک پیشەسازیە وورەکان و کاتژمێر و ئامێری وێنەگرتنەکان و هەوەها نوسینگەی وێنەکێشانەکانیش.

لە ڕوناکی کارگە پیشەسازیەکاندا دوو شێواز پیادەکرێت: یەکەمیان دانانی ڕوناکیە لە ئاستێکی بەرز و ماوەیەیەکی دیاریکراویش لە نێوانیاندا. دووەمیشیان ڕوناکی لەدوایەک و بەردەوام لە یەک ڕێزدا.شێوازی یەکیەم بۆ ئەو کارگانە پەسەندە کە بنمیچەکانیان بەرزن وەک کارگەی دروستکردنی فڕۆکە. بەڵام شێوازی دووەم دادەنرێت لەسەر هێڵی بەرهەم بەبەرزیەکی گونجاو.

بڕی ڕوناکی گونجاو لە جێگەی تاقیکردنەوەدا بریتیە لە ٥٠ مۆم/ پێ و بڕی ڕووناکی لە نوسینگە و پاشکۆ گشتیەکانی کارگەدا بریتیە لە ٣٠ مۆم/ پێ و لە کۆگاکانیشدا بریتیە لە ٥٠ مۆم/ پێ.

٢. ژاوەژاو

ژاوەژاو سەرچاوەکەی بریتیە لە کارگەکان یان جێگەکانی کار کە کاریگەری دادەنێن لەسەر کرێکارەکان لەو جێگایانەدا.و لەسەر خەڵکیش بە گشتی.دەبینین کرێکارەکان بیستیان کاری تێدەکرێت لەو جێگایانەدا کە ژاوەژاوێکی بەرز و مەترسیدارە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، هەربۆیە ڕێگە نادرێت کە ژاوەژاوی زۆر هەبێت لەناو کارگەکاندا کە زیاتر بێت لە ڕادەی ڕێگە پێدراو کە بریتیە لە ٧٠ دیسبڵ.

ڕێژەی ژاوەژاوی ڕێگە پێدراو لەسەر ئاستی جیهاندا بەم شێوەیەیە:

لە ٢٠ - ٣٥ دیسبل لە ناوچە تەندروستیەکان وەک نەخۆشخانەکاندا.

لە ٢٥ - ٤٠ دیسبل لە ناوچە نیشتەجێبونەکاندا.

لە ٣٠ - ٤٠ دیسبل لە ناوچە فێرکاری و خوێندنەکاندا.

لە ٣٠ - ٦٠ دیسبل لە ناوچە بازرگانیەکاندا.

لە ٤٠ - ٧٠ دیسبل لە ناوچە پیشەسازیەکاندا.

٣. پلەی گەرما:

ڕێگە نادرێت بەکارکردن لە کارگەیەکدا کە ئاگری بەهێز یان پلەی گەرمای بەرزی هەبێت، بۆیە پێویستە کە ئاگر

و سەرچاوەی پلە گەرما بەرزەکان لەجێگەی داخراودا بن و بەشێوەیەک دیزاینکرابن کە بەرگەی پلەی گەرمای بەرز بگرنو کرێکارەکان بەری نەکەونبە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆنمونە وەک: فڕنی چیمەنتۆ یان فڕنی شەرارەی کارەبایی تایبەت بە کارگەی ئاسن و داڕشتە . بۆیە پێویستە ئەو ئامێر و مەکینانە کە بۆ سەلامەتی و پارێزگاری دروست دەکرێن وابن کە بەرگەی ٥٠ پلەی سەدی گەرما بگرن.

٤. هەوا گۆڕکێ:

پێویست دەکات لەکارگە پیشەسازیەکاندا کە ڕێژەی هەوا گۆڕکێ بەپێی پیشەسازیەکە بێت، و هەموو دەرچەکانی هەوا داپۆشرابێت بە ڕێگری هاتنە ناوەی لم و مێروەکانو هەوەها ئەو ئامێر و مەکیناە کە بۆ هەوا گۆڕکێ دیزاینکراون وابن بەرگەی ٥٠ پلەی سەدی گەرما بگرن و بتوانن بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێری بەردەوام کاربکەن. هەروەها دەبێت کۆگاکان وا دروستکرابن کە ناوەندی هەواگۆڕکێیان ١٠ جار بێت لە کاتژمێرێکدا، بەڵام بۆ هۆڵەکان ئەوا ڕێژەی گۆڕینی هەوا بەپێی ئەم پێوانانە دەبن:

لە ٢٠-٢٥ جار لە کاتژمێرێکدا بۆ داڕێژەر و فڕنەکان و ڕۆنڕێژەکان وئاشەکان و لێدانی گەرمی.

لە ١٥-٢٠ جار لە کاتژمێردا بۆ کاغەز و چنراوەکان.

لە ١٠-١٥ جار لە کاتژمێردا بۆ مەکینە و ئامێر و وەرشەکان.

پێویستە بینای ئیدارە هەواگۆڕکێی تیادا بێت،دەبێت کارگەی ڕستن و چنینەکان هەواگۆڕکییان تیادا بێت لەگەڵ پاراستنی ڕێژەی شێ بە ٦٥٪دا، هەروەها ژوورەکانی کۆنترۆڵ و شاشە کارەباییەکانیش هەواگۆڕکێیان تیادا

بێت،ئامێرەکانی هەواگۆڕکێش پێویستە بە ئامێری کۆنترۆڵ و ئیشکردنی بەرنامەڕێژ کاربکەن، پێویستە ئەو دەرگایانەی کە زۆر دەکرێنەوە بە پەردەی هەوا گۆڕکێ زیادکرابن.

❖ سیستەمی هەواگۆڕکێ:

پێویستە هەموو سیستەمەکانی هەواگۆڕکێ بەپێی پێوانەکانی ASHRAE یان ARI بن.

٥. لەرینەوەکان:

پێویستە لەرە دەرچوەکان بەهەر هۆیەکەوە بێت بەم شێوەیە بن:

لەرە (خێرایی/ چرکە)	لادان (بۆصە)
١٠ کەمتر	٠,٠٠٨ر
١٠-٢٠ کەمتر	٠,٠٠٥ر
٢٠-٣٠ کەمتر	٠,٠٠٣ر
٣٠-٤٠ کەمتر	٠,٠٠٢ر
٤٠-٥٠ کەمتر	٠,٠٠١ر
٥٠ سەروتر	٠,٠٠١ر

٦. پێوانەی باشی و پاکی هەوا:

پێویستە کە ناوەندێتی چڕی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەشێوەیەکی گشتی لە ٨٥ کغم/م^3 یان(٣ بەش لە ملیۆن) لەهیچ جێگەیەکدا تێپەڕ نەکات.

هەروەها نابێت ناوەندێتی چڕی تۆزە هەڵواسراوەکان کە بتوانرێت هەڵبمژرێت بە شێوەیەکی گشتی لە ٨٥ کغم/م٣ تێپەڕ نەکات لەهیچ جێگەیەکدا.

دەبێت ڕەچاوی ئەوەبکرێت کە چڕی توخمە ئۆکسێنەرەکانی فۆتۆ کیمیاویەکان وەکو غازی ئۆزۆن لە یەک کاتژمێردا لە ٢٩٥ میکرۆ گرام/م^3 (١٥ بەش لە ملیۆن)تێپەڕ نەکات زیاد لە دووجار لەهیچ جێگەیەکدا لە ساڵێکدا.

پێویستە ڕێژەی ناوەندێتی چڕی دووەم ئۆکسیدی نایترۆجین لە ١٠٠ میکرۆگرام/م^3 تێپەڕنەکات لە هیچ جێگەیەکدا.

پێویستە ناوەندێتی چڕی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن لە کاتژمێرێکدا لەهیچ ماوەیەکدا کە درێژیەکەی لە ٣٠ ڕۆژ بێت لە ٤٠ ملیگرام/م^3 تێپەڕنەکات لە دووجار لەهیچ جێگەیەکدا.

پێویستە ناوەندێتی چڕی کبریتیدی هایدرۆجین لە ٢٤ کاتژمێردا تێپەڕ نەکات لە ٤٠ میکرۆگرام/م^3 (٠,٠٣ر بەش لە ملیۆن) زیاد لە یەک جار لە هیچ جێگەیەکدا.

٧. بواری موگناتیسی :

ئەو پڕۆسە پیشەسازیانەی کە بڕێک تیشکدانەوەی کارۆموگناتیسیان لێوە دەردەچێت لەکاتی ئیشکردندا پێویستە هاوجووت بن لەگەڵ سیستەمی ژینگەی کارپێکرودا لە وڵاتدا،و پێویستە نزمترین ئاستی تیشکدانەوە دیاریبکرێت کە دەبێتە هۆی پێکداچوونی لەرەلەرەکان.

٨. ڕێنماییە کارگێڕییەکان:

پێویستە پابەندبوون هەبێت بەم ڕێکارانەوە:

یەک دۆڵابی جلوبەرگ بۆ هەر کرێکارێک.

یەک WC بۆ هەر ١٥ کرێکار

یەک حەمام بۆ هەر ١٥ کرێکار

یەک حەوزی دەست و دەموچاو شۆردن بۆ هەر ١٥ کرێکار

ئامێرێکی خواردنەوەی ئاوی سارد بۆ هەر ٦٠ کرێکار

بەلوعەیەکی دەستنوێژگرتن بۆ هەر ١٥ کرێکار

٩. پێداویستیەکانی سەلامەتی پیشەسازی:

١. دەرگای چوونەدەرەوەی کتوپڕ لەهەموو بینا جیاوازەکانی کارگەدا،بەپێی داواکاریەکانی ئاسایش و سەلامەتی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیەوە.

٢. داپۆشینی قادرمە و شوێنە خلیسکەکان و دەرچەی زەمینیەکان بە مادەیەک کە ڕێگر بێت لە خلیسکان لەگەڵ دانانی ڕێگری ئاسایش لە چواردەوری و پلەی لاری ئەمین بۆ خلیسکان.

٣. ڕەچاوکردنی هەواگۆڕکێی سروشتی و دروستکراو لەهەموو جێگاکانی کارگەدا بەتایبەتی ئەو جێگایانەی کە پێویستیان پێیەتی.

٤. ڕەچاوکردنی جێگەی کۆگاکانی هەڵگرتنی سووتەمەنی و مەوادی غازی گرگرتوو یان مەودای کیمیاوی و دوورخستنەوەیان و دووریش بن لە یەکتری.

٥. پێویستە جێگەی فریاکەوتنی خێرای ئاشکرا بێت و جۆری کەلوپەلەکانیشی و ژووری پشکنین و پزیشک بەپێی سیستەمی کار و کرێکارەکان.

٦. ڕەچاوکردنی ڕێکارەکان و ئامێرەکان کە پێویستن بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون بەپێی جۆری پیشەسازیەکە لەگەڵ پیادەکردنی ڕێنماییەکانی دەستەی چاودێری و پاراستنی ژینگە.

٧. پێویستە سیستەمی ڕووناکی کتوپڕ دابینبکرێت بۆ هەموو بیناکان بەشێوەیەک ڕوناکیەکە باش بێت بۆ هاتوچۆکردن لەکاتی بڕانی کارەبای نیشتیمانیدا.

❖ پێداویستیەکانی ئاگر کوژاندنەوە:

١. پێویستە دڵنیا بیت لە وەی کە تۆڕی ئاوی دەرەکی

بەلوعەی ئاگرکوژێنەوەی تیادایە بۆ دابینکردنی پاراستنی دەرەکی بۆ کارگە و بەپێی داواکاریەکان و گونجاویشە لەگەڵ ئامێرەکانی بەرگری شارستانێتیدا و ئەم زانیارییانەشی لەگەڵدا بێت:

- سەرچاوەی ئاو و توانای هەڵگرتن و تێکڕای پێویستی بەکارهێنراو.
- جێگەی هەموو کابینەیەکی ئاگر کوژاندنەوە یان جێگەی بۆری ئاگرکوژێنەوە ئۆتۆماتیکیەکان ئەگەر پێویست بکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

- زیادکردنی سیستەمی ئاشکراکردنی ئۆتۆماتیکی و ئاگادارکردنەوەی لە ئاگر.
- پێویستە سیستەمەکە بەپێی سیستەمی ناسراو و کارپێکراو بێت و لانی کەم ئەم شتانە لەخۆ بگرێت:
- بۆردی کۆنترۆڵی سەرەکی کەلە ئیدارە دابنرێت.
- بۆردی دووبارە ئاگادارکردنەوە لە ژووری پاسەوان دابنرێت.
- دۆزەرەوە ئاگر جێگاکانیان دیاریبکرێت لەگەڵ جۆرەکانیدا بەپێی بەکارهێنانی جێگاکە.
- دوگمەی ئاگادارکردنەوە لە نزیک دەرگای چونەدەرەوە کتوپڕ دابنرێت.

- جەڕەسی ئاگادارکردنەوەی پێویست هەبێت.

❖ پێداویستی کارە میکانیکیەکان:

ژینگەی کار ئەم پێداویستیانەی گەرەکە:

- پێویستە پێداویستی هەواگۆڕکێ بۆ مەبەستی جیاوازی پیشەسازی بەپێی پێوەرەکانی ASHRAE بێت.
- پێویستە هەموو جێگەکانی چوونە ژوورەوەی هەوا بە ڕێگری لم و مێروەکان داپۆشرابێت.
- پێویستە هەموو ئامێرەکانی هەوا گۆڕکێ بۆ کارکردنی ٢٤ کاتژمێر ی دروستکرابن کە بەرگەی پلەی گەرمی ٥٠ پلەی سەدیش بگرن.
- پێویستە هەواگۆڕکێ دابینبکرێت بۆ WC و چێشتخانە بە تێکڕای هەواگۆڕکێی کە کەمتر نەبێت لە ٨-١٠ جار لە کاتژمێرێکدا.

❖ ئامانجەکانی ئاسایشی پیشەسازی و سەلامەتی

زۆرێک ئامانج هەیە کە پێویستە بهێنرێنە دی لە ئاسایش و سەلامەتی پیشەسازیدا کەدەکرێت لەم خالانەی لای خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

١. پاراستنی توخمەکانی بەرهەم و دوورخستنەوەی مەتری لێیان بەتایبەتیش توخمی مرۆیی.
٢. خۆپاراستن لە نەخۆشیە پیشەییەکان.
٣. خۆپاراستن لە ڕووداوی کار.
٤. نەهێشتنی ئاگر و خۆپارێزی لە مەترسیەکانی.
٥. بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووی بەرهەم.
٦. بەرزکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری پیشەیی.
٧. چەسپاندنی بنەماکانی تەندروستی پیشەیی وگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی لە ئەگەری تووشبونی ناڕاستەوخۆ.
٨. خۆپاراستن لە هۆکارە سروشتی و کەشوهەواییەکان.
٩. بەدەستهێنانی شارەزایی و زیادکردنی هۆشیاری و توانای ڕاهێنان کە پشتگیری لە سەلامەتی پیشەسازی دەکەن و هەڵەنەکردن لە کاردا.
١٠. خۆفێرکردن بە تەکنەلۆجیا نوێیەکان کە دەبنە هۆی زیادکردنی توانای بەرهەمهێنەران و سەلامەتی کار.

❖ پێداویستیەکانی کەسێتی بۆ خۆپارێزی

کەلوپەلەکانی خۆپارێزی کەسی بریتین لە گرنگترین هۆکارەکانی خۆپارێزی کە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی بەرهەمهێنەران لە ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی کار و نەخۆشیە پیشەییەکان کە ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێک ئامێر و کەلوپەلی خۆپارێزی کە بەرهەمهێنەر بەکاریان دێنێت بەپێی سروشتی کارەکەی و تواناکەشی بەهەڵبژاردنی باشترینیان کە بگونجێت بۆ لاشە و پڕۆسەی بەرهەم و ئاسان بەکارهێنانیشیان تا بتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت لە ڕێگەگرتنی مەترسی لەسەر بەرهەمهێنەر یان کەمکردنەوەی ئاستی بەرکەوتن تا ئاستی دڵنیایی ,کەلوپەل و ئامێرەکانی خۆپارێزی گشتیش بریتین لەو هۆکارانەی کە مەترسی تووشبونی کرێکار و توخمەکانی بەرهەم دیاریدەکەن بۆ ڕووداوەکان وەک هۆکارەکانی ئاگرکوژاندنەوە و هۆکاری ئەندازیاری کە مەترسیەکان لەسەرچاوەکانیانەوە ناهێڵن وەک پێکەوەنانی ڕێگر بۆ بەشە جوڵاوەکان یان ئەوانەی ڕێگە دەگرن لە بەرزبونەوەی پێکهاتە وورەکان وەک تۆز و گەردیلە کانزاییەکان یان توخمە کیمیاویەکان. یان ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی گواستنەوەی گیراوە مەترسیدارەکان و پیسەکان بەسەلامەتی. بۆ هەموو دۆخەکان پێویستە ڕیوشوێنی هاوبەش بگیرێتە بەر بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی خۆپارێزی کەسی و گشتی لەهەمان کاتدا.

خۆ ئەگەر نەتوانرا بەکرداری کەشوهەوایەکی سەلامەت ی کار دابینبکرێت بۆ لابردنی مەترسی ڕووداوەکان بە هۆکارە ئەندازیاریەکان ئەوا پێویستی وادەکات کە خۆبپارێزرێت بە دابینکردنی ئەرکی خۆپارێزی کەسی گونجاو و پێدانی کرێکارەکان و پابەندکردنیان بە بەکارهێنانیان بۆ دڵنیایی لە پاراستنیان لە تووشبونیان و مەترسیە چاوەڕوانکراوەکان لە کاردا و بۆئەوەی ئامانجەکانی خۆپارێزی کەسی بە کردارەکی بێتەدی پێویستە ڕەچاوی ئەم هۆکارانە بکرێت:

١. هەڵبژاردنی گونجاو بۆ هۆکارەکانی خۆپارێزی کە ئامانج

و ئەرکەکان وەدیدێنێت.

٢. ساناوخێرا بەکارهێنانیان و هەستکردن بە ئارامی لەکاتی لەبەرکردنیاندا.

٣. پێویستی دەرکەوتنی ئەو هۆکارانەی کە وادەکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەکارهێنانیان.

٤. باشی و گونجاوێتی بۆ پڕۆسەی بەرهەمهێنان کاتێک جێبەجێنەکرێت کە هەست بەمەترسیەکە دەکرێت.

٥. نەبێتە هۆکارێکی بێزارکەر یان ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی کاردا.

٦. هەستکردنی خۆیی بۆ گرنگی بەرکارهێنان و بەردەوامی لەکاتی کارکردندا بۆ دابینکردنی ڕۆڵی خۆپارێزی لە پاراستنی لە مەترسیەکان کە لەچوار دەوری کرێکارەکاندان.

هۆکارەکانی خۆپارێزی کەسیش جۆراوجۆرن و دەبنە چوندین جۆرەوە کە بگونجێن لەگەڵ پڕۆسەی بەرهەمهێناندا و پسپۆڕی کارەکاندا کە ئەمەش پاڵی ناوە بە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی دروستکەری هۆکارەکانی سەلامەتی و خۆپارێزی کەسی کە هەونەی و تەکنیکی نوێ بەکاربێنن لە دروستکردنیاندا و لەو هۆکارانەش :

١. بەدلەی کار:

چەند جۆرێکی هەیە:

● بەدلەی دوو پارچە کە بەکاردێت بۆ هەموو جۆرە کارەکان کە لەخوری یان لۆکە دروستکراوە.

● بەدلەی یەک پارچە تایبەتە بە بەرگریکردن لە مەوادی کیمیاوی وەک ترشەکان.

● بەدلەی صەدریە و دروستەکرێت لە پێستی بەهێز و بەکاردێت لە ئیشوکاری لەحیمدا.

● بەدلەی دروستکراو لە ڕەصاص بۆ بەرگریکردن لە توخمە تیشکیەکان.

٢. چاویلکەی خۆ پارێزی:

بەکاردێت بۆ پاراستنی چاوەکان لە ڕووداو و مەترسیەکانی کار وەک تۆز و خۆڵ و گەردیلەی بڵاوی ناو هەوا ، دەبێت ڕوون بێت و چواردەورەکەی پلاستیکی بێت و چاوەکان بەتەواوەتی دابپۆشێت و بەرگەی بەرکەوتنی غازەکان و پیاداکێشان بگرێت و چاویلکەی تاریکەکانیش بۆ بەرگەگرتنی تیشکەکان دەبێت وەک ئەوانەی لە کاری لەحیمکردن بە غازی کارەبایی دەکرێت.

٣. کلاوی خۆپاراستن:

بەکاردێت بۆ بەرگریکردن لە مەوادە ڕەقەکان کە دەکەونە خوارەوە یان لە ئیشوکارە قورسەکاندا لەگەڵ ئامێر و مەکینە قوریسە پیشەسازیەکاندا.

جۆرێکی تری کلاو بەکاردێت بۆ بەرگەگرتنی تیشکی ڕۆژیان

تیشکەکانی تر یان مەترسی توخمە پلاستیکیەکان. زۆری جۆری تری کلاو هەیە کە هەموویان بۆ پاراستنی سەرن لە بەرکەوتن و پیاداکێشانی مەوادەکان.

٤. دەستکێش:

دەستکێشیش بەکاردێت بۆ پاراستنی دەستەکان و قۆڵەکان لەبەرکەوتن و ڕێگەگرتن لە مەترسیەکانی کار و جۆری جیاوازی هەیە کە بۆپاراستن لە ڕووداوی بچوک کە لە خوری و لۆکە دروستەکرێن یان بەرگەگرتنی مەوادی کیمیاوی شل کە لە مەوادی پلاستیکی دروستەکرێن و جۆری تر هەیە کە لە مەتات دروستەکرێت بۆ پاراستن لە مەترسیە کارەباییەکان و هەشە لە پێستی بەهێز دروستەکرێت بۆ ئیشوکاری لەحیم و بەرکەوتنی مەوادە ڕەقەکان و هەشە لە مادەی ئەزبێست دروست دەکرێت بۆ ئیشوکاری تواندنەوە و فڕنەکان.

٥. پارێزەی گوێکان:

کە لەمەوادی پلاستیکی و لۆکە و ڕیشاڵی شوشەیی دروستەکرێن کە هەردوو گوێکان دەپارێزن لە ژاوەژاو و توندی دەنگەکان و شەپۆلە دەنگیە بەرزەکان.

٦. پارێزەی پێکان:

کە بریتین لە پێڵاوی جۆراو جۆر بۆ پاراستنی هەردوو پێکان و ڕانەکان لە و ڕووداوانەی کە ڕووەدەن لەناو کارگە و لەکاتی کارکردندا کە لە پێستی بەهێز دروست دەکرێن کە بەرگەی پلەی گەرمای بەرز و کاری قورس بگرێت یان لە مەتاتی بەهێز دروستەکرێن بۆ ئیشوکاری مەوادی کیمیاوی یان لەجۆری مەتانتی بەهێزن کە ژێرەکانیان زبرە بۆ ئەوەی دژی هەڵخلیسکان بێت یان پێڵاوی جۆری ئەوەی کە بە ئاست داپۆشراوە لەسەرەوە بۆ پاراستن لەکەوتنە خوارەوەی مەوادی گەورە و قورس و ئیشوکاری گەرمی و فڕنەکان و ...هتد.

٧. پارێزەی دەموچاو:

بریتین لە داپۆشراوی هەموو دەموچاو کە چاویلکەی تیادایە و پەیوەستە بە ئامێری هەناسەدانەوە و دابڕاویشە لە دەنگەکان بەپێی جۆری ئیشوکارەکان بەکاردێت.

٨. پارێزەی هەناسەدان:
کە پەیوەستە بە ئامێری ئۆکسجینەوە یان فلتەرەوە کە بەتایبەت لەو جێگەیانەدا بەکاردێت کە تەپوتۆز و غازاتی کیمیاوی تیادایە و کەمەترسیان هەیە بۆ سەر کۆئەندامی هەناسە.

● سەلامەتی لە کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا

● سیستەمی کۆگاکان

ئاشکرایە کە سیستەمی کۆگاکان پێشدەکەوێت بە پێشکەوتی زانست و تەکنەلۆجیا بۆ شێوازەکانی هەڵگرتن و ملمەڵەکردکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مادەک هەڵگیراوەکانەوە یان بارودۆخی ژینگەیی هەڵگرتنەوە، دەتوانرێت بووترێت کە ئەم سیستەمانەی هەڵگرتن لەو جۆرانەنانە کە زیاتر بەکاردێن لە سیستەمی کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا:

١. سیستەمی کۆگای کیمیاوی:بریتیە لەو جێگەی کە مەوادجی کیمیاوی تیادا هەڵدەگیرێت لە بارودۆخی ژینگەیی گونجاودا و لە ژیر یاسا و ڕێنمایی سەلامەتی تایبەتن بە

کۆگاکەوە بۆ ئەوەی مەوادەکان خراپ نەبن.

٢. سیستەمی کۆگای ناوەندی (مرکزیة): مەبەست لێی هەڵگرتنی هەموو جۆرە مەوادەکانە لە یەک کۆگاکادا کە لەنزیک کارگەکەوە بێت.

٣. سیستەمی کۆگای نا ناوەندی (لامرکزیة): مەبەست لێی دابەشکردنی مەوادەکانە هەریەکە لەنزیک یەکەی بەرهەمهێنانەوە بۆئەوەی تێچووی گواستنەوە ی کەمبێت.

٤. سیستەمی کۆگای نا ناوەندی کاتی (لا مرکزیه المؤقتة): مەبەست هەڵگ

٥. رتنی مەوادە لەناو بارهەڵگردا بە شێوەی کاتی بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بگوێزرێتەوە و ئەم جۆرە لەو دامەزراوانەدا بەکاردێت کە لە قۆناغی دامەزراندن و دەستپێکدان و جێگاکان دوورن لە یەکتریەوە.

● بارودۆخی ژینگەیی و گرنگی سەلامەتی لە کۆنترۆڵکردنیدا لە کۆگاکانی مەوادی کیمیاویدا

ئاشکرایە بە تێپەڕبوونی کات کۆگاکانی تایبەت بە هەڵگرتنی مەوادی کیمیاوی کاریان تێدەکرێت بەهۆی کەشو هەوا و بارودۆخی ژینگەی دەوروبەرەوە، لەو کارێکەرانەش:

١. شێ : ڕێژەی شێ لەناو کۆرگاندا دەبێت لە ئاستی ڕێگە پێدرودا بێت لە پلەی گەرمی گونجاویشدا، ئاشکرایە کە شێ کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر مەوادی هەڵگیراو لە کۆگاکاندا و تەناتە تەنە ڕەقەکانیش کاریان تێدەکرێت بەهۆی شێوە.

٢. ئاگر: پێویستە ئەو بینایانە بۆ کۆگا دروست دەکرێن لەو دەوادجانە دروست بکرێت کە بە ئاسانی گڕ ناگرن و وەکو بەرد و چیمەنتۆ نەک کاغە ز و فلین و ..هتد. وە هەموو ئەو سەرچاوانەشی دەبنە هۆی ئاگرکەوتنەوەوە دوور بخرێنەوە وەکو : شقارتە و چەرخ و جگەرە کێشان و شەراەریە کارەبا و کاری چاکسازی و لەحیمکاری و نەبوونی ڕێگری هەرەیبوروسکە و و نەبوونی گەیەنەری زەمینی. و پێویستە و کارێکی زێدە گرنگیشە کە هۆکاری و ئامێرەکانی ئاگر کوژانەندنوەی تەواو هەبێت لەناو کۆگاکلاندا بۆ کۆنترۆڵی هەر ئاگرکەوتنەوەیەک.

٣. گەرما: پێویستە بتوانرێت کۆنترۆڵی پلەی گەرمای ناو کۆگاکان بکرێت لەڕووی دیزاینی کۆگانانتەوە چونکە قپلەی گەرما یەکێکە لبەو هۆکارە ژینگەییانەی کە کاریگەریان دەبێت و دەکرێت لەڕێگەی مەوادی دابڕلاندن و نەهێشتنی تیشکی گەیەنەری گەرما و بوونی هەوا گۆڕگێبوەوە کۆنترۆڵی پلەی گەرمای ناو کرۆگاکنان بکرێت.و پێویستە سیستەمی پێشکەوتووی هەواگۆڕکێ سارد و گەرمی گونجاو دابنرێت بۆ کۆگاکان و پاراستنی پلەی گەرمای ناو کۆگاکان.

٤. بـاڕەش : یەکێکە لە هۆکارە ژینگەییەکام کەکار دەکاتە سەر کۆگاکان بە تایبەتی لەناوچە بیابانیەکاندا کاتێک ڕەشەبا هەڵـدەکات ئەوا لمێکی زۆر کۆدەکماتـەوە و و دەیگەیەنێت ناو کۆگاکان و پاکوخاوێنی کۆگاکان پیس دەکات.و ڕێگەش لە هاتوچۆ دەگرێت بەهۆی کەکردنەوەی ماوەی بینینەوە .

٥. ڕووناکی: زۆر پێویستە کە ڕووناکی گوماجاوز هەبێت لەناو کۆگاکناد و دووجۆر ڕوناکیش هەن سروشـتی و دروستکراو. کە هەریەکەیان کاریگەری هەیە لەسەر توخمە هەڵگیراوەکان لەناو کۆگامکاندا گەر بە شـێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بۆ ماوەی دجـوورو درێـژ بەر مەوادەکان بکەون و ئەو تیشـکانەی کە زیـان دەگەیەنـن بەمەوادەکان لەنـاو کۆگاکانـدا بریتین لە تیشکی ژێر سوور و تیشکی سەروو بنەوشەیی.

● بەکورتـی دەکرێـت ئـەم ڕێنماییانـە پیادە بکرێـن لەناو دامەزراوە و کارگە پیشەسـازیەکاندا بەهەموو جۆرەکانیەوە لە پێناو پاراسـتنی ئاسایش و سەلامەتی گیانی کرێکاران و تەکنیکی و ئەندازیار و تەنانەت خاوەن کارەکانیشدا، چونکە جێبەجێکردنی مەرجەکانی سـەلامەتی لە جیهانی ئێسـتادا و لەسـەرجەم بـوارەکان و بەتایبەتیـش پیشەسـازیەکان بـە بچوک و مـام ناوەند و گـەورەو سـترتیژیەکانەوە بۆتە مەرجی سەرەکی و یەکەم و پیادەنەکردنی و پشتگوێخستنی کاریگەری خراپی دەبێت لەسـەر ئاسـت و جۆری بەرهەم و بەرزی تێچوون و بەرکەوتنی زیانی گەورە بە ئابوری تاک و کۆمەڵگاو دەوڵەتیش، بۆیە پێویستە لەسەر خاوەنکار کە بە ووردی ڕەچاوی ئەم ڕێنماییانە بکات لە کارگە و دامەزراوزە پیشەسازیەکانیاندا:

١. سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی گونجاوی تیادا بێت بەمەرجەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی و بەشێوەیەکی بەردەوام پشـکنین و چاودێری بکرێت و چاکسازیشـی تیـادا ئەنجام بدرێـت.وەک ئامێری ئاگادارکـەرەوەی خێرا و بونی حەوزی ئاوی پێویسـت وبۆری و بەلوعەی ئاو و تۆڕی دابەشـکردنی ئاوی پێویست لەناو کارگەدا.

٢. پێویسـتە بینای کارگێڕی لـە جێگەیەکی گونجاودا بێت لەناو کارگەدا کە سەلامەتی کارمەندانی تیادا پارێزراو بێت.و لە مەوادێک دروسـتکرابێت کە بەرگری هەبێت بۆ ئاگر لانی کـەم بۆ ماوەی ٢ کاتزمێـر و دەرگاو پەنجەکانیش تۆکمە و زوو نەشکێن.

٣. لەهەموو بیناکاندا پێویسـتە دەرگای دەرچوونی کتوپڕی تیادا بێت.

٤. پێویسـتە کارگە پیشەسـازیەکان ڕێگاوبـان و گۆڕەپانی گونجـاوی تیادا بێت بۆ ئـەوەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئاگر کوژێنەوە بە سانانیی هاتوچۆی تیادا بکەن.

٥. سەرجەم ئەندازیار و تەکنیکی و کرێکارەکان، پێویستە هۆکارەکانی سـەلامەتی بپۆشـن لەکاتـی کارکردندا، وەک (بەدلەی کار و پێڵاوی تایبەتی و کڵاو و دەستکێش و کەمامە و عەینەک و...هتد).

٦. سیسـتەمی ڕووناکی گونجاوی سروشـتی و دەسـتکردی تیادا بێت.

٧. سیستەمی هەواگۆڕکێی مۆدێرن و شیاوی تیادا بێت.

٨. کۆگاکانی هەڵگرتنی مەوادی سەرەکی بەرهەم و مەوادی بەرهەمهێنراو بەشێوەیەکی تەندروست و زانستی دروستکرابن و مەرجەکانی ڕوناکی و پلەی گەرما و شـێ و سیسـتەمی هەواگۆڕکێی سارد و گەرمی پێویستی تیادا بێت.

٩. کـۆگای هەڵگرتنـی سـووتەمەنی دەبێت بەشـێوەیەکی سەلامەت دروستکرابێت و جێگەکەشی بەپێی پێویست دوور بێت لەناو کارگەوە لانی کەم بۆ ماوەی ٢٠ مەتر .

١٠. پاک و خاوێنی ناو کارگە و بەشەکانی پێویساتە گرنگی تەواوی پێبدرێت بە تایبەتی وەرشـەی میکانیک و کارەبا و سیباکە.

١١. پێویسـتە خاوەن کار بەشـێوەیەکی دەوری چاکسازی لـە ئامێـر و مەکینەکانی هێڵـی بەرهەمدا بـکات بۆئەوەی

لەرینەوە و ژاوەژاو کەمبکاتەوە و کارنەکاتە سەر سەلامەتی کارمەندەکان. لەکاتی پێویستیشدا ئامێر و مەکینەکان نوێبکاتەوە.

١٢. پێویستە هەموو کارگەیەکی پیشەسازی ،تاقیگەی مۆدێرن و تەواوی تیادا دروستبکرێت کە سەرجەم ئامێر و کەلوپەلی تاقیگەی پێویستی تیادا بێت بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کوالێتی کۆنترۆڵی بەرهەم و مەوادی خاوەی سەرەکەی بەرهەمهێنان.

١٣. کۆگاکانی تایبەتی بەهەڵگرتنی مەوادی کیمیاوی ،پێویستە مەرجی تایبەتی تێدا بێت و کۆنترۆڵی پلەی گەرما و شێ و فشاری کرابێت و دووریش بن لە جێگەی نیشتەجێبوون و کارکردنەوە.

١٤. سیستەمی ڕاکێشانی هێڵی کارەبای ناو کارگە و بەشەکانی پێویستە بەشێوەیەکی سەلامەت بن و نەبنە هۆی شۆرتکردن و دروستبوونی ئاگرکەوتنەوە.

١٥. سیستەمی ئاوەڕۆ و پاشەڕۆی کارگەکان پێویستە بەشێوەیەکی سەلامەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و نەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە لە خاک و ئاو و هەوای دەوروبەر.

١٦. لەو کارگانەی کە کار تیایدا لەگەڵ مەوادی کیمیاوی و غازی کوشندە و ژەهراویدا دەکرێت پێویستە بەشێوەیەکی دەوری مانگانە یان وەرزانە سەرجەم کارمەندان پشکنینی پزیشکیان بۆ ئەندجام بدرێت بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیان.

١٧. ئەو کارگانەی کە بە سووتەمنی دیزڵ و نەوتی ڕەش کاردەکە پێویستە دوکەڵکێشەکانیان لانی کەم ٣ مەتر بەرزتر بێت لە بینای کارگە.

١٨. پێویستە لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا ، جێگەی خۆشاردنەوە هەبێت کە جێگەی سەرجەم کارمەندا بگرێت بۆ خۆپاراستن لەکاتی هێرشی ئاسمانیدا.

١٩. پێویستە لەهەموو کارگەکاندا لیژنەی چاودێری بەردەوام هەبێت بەسەر کارمەندان و ئامێر و مەکینەکانی و جێگەی بەرهەم و حەوانەوە بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ڕووداو و کارەساتی ئاگرکەوتنەوە و شۆرتی کارەبا و پیسبوونی ژینگە و ...هتد.

٢٠. پێویستە لەناو کارگە پیشەسازیەکاندا ، یەکەی فریاکەوتنی خێرای تیادا بێت بە داودەرمان و پێداویستی سەرەتاییەوە و گرنگیی تەواویشی پێبدرێت.

٢١. پێویستە لەهەموو کارگە پیشەسازیەکاندا چێشتخانەی پاک و خاوێنی تیادا بێت و ژەمە خواردنی پێویست و تەندروست بدلاتە کارمەندان.

٢٢. لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا پێویستە پۆستەرات و وێنە و دروشمی سەلامەتی هەڵواسرابێت لە جێگەی تایبەت و دیاردا و بەزمانی کارمەندان.

٢٣. پێویستە لەهەموو کارگەیەکی پیشەسازیدا بەشێک تەرخان کرابێت بۆ خزمەتگوزاری وەک باخچە و سەوزایی و گۆڕەپانی وەرزش و یاریکردن بۆ ئەو کارمەندانەی لەدوای کارکردن لەناو کارگەدا دەمێننەوە.

٢٤. پێویستە کارگەی پیشەسازی بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەبەردەوامی دەمێننەوە لەناو کارگەدا جێگەی حەوانەوە و پشووی گونجاویان بۆ دابین بکرێت.

٢٥. پێویستە سەرجەم کارمەندانی کارگە پیشەسازیەکان ، لانی کەمی هوشیاری مەرجەکانی سەلامەتی و ئاگر کوژێنەوەیان هەبێت وبەشداری خولی مەشق و ڕاهێنانیان کردبێت.

٢٦. پێویستە لە جێگەی کارکردندا و بەتایبەتیش لەو جێگایانەی مەترسی ئاگرکەوتنەوە هەیە ، جگەرەکێشان و کاری لەحیمکردن بەهەموو شێوەیەک قەدەغە بکرێت.

٢٧. هەموو کارگە پیشەسازیەکان پێویستە ئامێری دژە هەورە بروسکەیان دانابێت بەشێوەیەکی زانستی و سەلامەت.

٢٨. ئەو کارگانەی کە مامەڵە لەگەڵ توخمە تیشکدەرەوەکاندا دەکەن، پێویستە مەرجی سەلامەتی و ئامێری تایبەتی دژە تیشکدانەوە بۆ کارمەندانی دابین بکات.

٢٩. پێویستە بەپێی ژمارەی کارمەندەکان ، پێداویستیان بۆ دابین بکرێت لە دۆڵابی جلوبەرگ و حەمامی خۆشۆردن و WC و ئاوی خواردنەوەو ...هتد.

ئامێرەکانی چارەسەری سروشتی

Physio Therapy Equipment

PT

ئەندازیار
مەریوان قەفتان
E-mail: marywan_kaftan@yahoo.com

پێشەکی: لە دێر زەمانەوە مرۆڤ بیری لە چارەسەری سروشتی کردووەتەوە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئازارەکانی جەستەی نەخۆش و چارەسەرکردنی کێشەکانی ماسولکە و دەمارەکان ، لەڕێی شێلان و مەساج و ئاوی سارد وگەرم و وەرزش و جوڵە و ڕاهێنانە جۆربەجۆرەکانەوە ، بۆ نمونە لە سالی ٤٦٠ ی پ.ز ، هیپۆکرات و گالینۆس لە باوەڕدا بوون ئەم جۆرە چارەسەرانە کاریگەرییەکی باشیان هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ.

پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای سەردەم لە بواڕەجیاکانی کارەبا و ئەلەکترۆنیک و فیزیک و میکانیک و لەیزەر ، ڕۆلێکی بەرچاویان دیوە لە بەرەو پێشچوونی ئەم جۆرە چارەسەرە و دۆزینەوە و دروستکردنی چەندەها جۆر بیرۆکە و ئامێری پزیشکی و میکانیکی ،بەشێوەیەک جۆرەهابەش و نەخۆشخانە و سەنتەری تایبەت بە چارەسەری سروشتی دروست بووە کە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری دروستکردووە لە بەرەو پێشچوونی چارەسەرە پزیشکیەکاندا و تەنانەت لە بواری وەرزشیشدا ، کە شایەنی پێزانین و دەستخۆشیە.

چارەسەری سروشتی یان چارەسەری جەستەیی Physical or therapy Physiotherapy کە کورتکراوەکەی PT یە لەڕێی جۆرەها بیرۆکەوە ئەنجام دەدرێت وەک :

١. چارەسەر بە گەرمی بەهۆی : پارافینی گەرم PARAFFIN WAX BATH

٢. چارەسەر بەهۆی : ڕووناکی نەبینراو (تیشکی ژێر سوور و سەروو وەنەوشە)

٣. چارەسەر بە کارەبا بەهۆی :

- کورتەشەپۆل Short Wave Diathermy
- مایکرۆشەپۆل Microwave Diathermy
- سەرودەنگە شەپۆل Ultra sonic therapy
- نزمە لەرە Low Frequency

وەک ئامێری تێنس TENS(بزواندنی دەمار بە کارەبا)

- تەزووی بەردەوام و گۆڕاو (بزواندنی ماسولکە بە کارەبا)

وەک ئامێری : GLAVANIC , FARADIC

٤. چارەسەر بە موگناتیس

٥. چارەسەر بە لەیزەر

٦. چارەسەر بە جوڵە – میکانیک (وەک ئامێری ڕاکێشانی بربەرەی مل و پشت ، تریدمیل ، پاسکیل و ....)

٧. چارەسەر بە ئاو Hydrotherapy

٨. چارەسەر بە شێلان Massage

٩. چارەسەر بە وەرزش و ڕاهێنان

ژ	جۆری ووزە	بیرۆکە	جۆری ئامێر
١	گەرمی	گەرمکردن	گەرماوی پارافین
٢	شەپۆلی خوارسوور	گەرمکردن	IR Therapy
٣	شەپۆلی سەروەنەوشەیی	هەڵمژین	UV Therapy
٤	کورتەشەپۆل	گەرمی قوول- دایەسێرمی	SW Therapy Machine
٥	مایکرۆشەپۆل	گەرمی قوول- دایەسێرمی	MW Therapy Machine
٦	سەردەنگە شەپۆل	گەرمکرد -لەرینەوە	Ultrasonic Therapy
٧	نزمە لەرە	دەمارېزواندن	TENS
٨	تەزووی بەردەوام	ماسولکەو دەمار بزواندن	Galvanic
٩	تەزووی گۆڕاو	ماسولکەو دەمار بزواندن	Faradic
١٠	موگناتیس	دەمار بزواندن	Magnetic Therapy
١١	هێزی میکانیکی	جوولە	پاسکیل ....

بەهۆی ئەم بیرۆکانەوە چەندەها ئامێری پزیشکی ومیکانیکی دۆزراونەتەوە وەک:

١. ئامێری گەرماوی پارافین
٢. ئامێری ژێر سوور و سەروو وەنەوشەیی
٣. ئامێری کورتە شەپۆل
٤. ئامێری مایکرۆشەپۆل
٥. ئامێری سەروودەنگەشەپۆل
٦. ئامێری دەمار بزواندن Transcutaneous Electrical Nerve Stimulator – TENS
٧. ئامێری ماسولکە بزواندن بە کارەبا : GLAVANIC , FARADIC Electrical Muscle Stimulation – EMS
٨. ئامێرەکانی هایدرۆسیراپی
٩. ئامێری چارەسەر بە موگناتیس machine Magnetic therapy
١٠. ئامێرەکانی جوولە :

- Cervical Cumlumbar Traction
- Contiguous Passive Motion
- Traction Table
- Treadmill



ئامێری گەرماوی پارافین (مۆم)Paraffin – Wax Bath

ئامێرێکی سادەیە و بریتیە لە حەوزێکی پر لە پارافین و هیتەرێکی کارەبا بۆ گەرمکردنی پارافینەکە و رێکخەرێکی گەرمی (سیرمۆستات) بۆ کۆنترۆلکردنی پلەی گەرمی پارافینەکە ، بۆ بەکارهێنانی لە چارەسەرە جومگەییەکان وماسولکەییەکانی دەست و پێ و قوڵ بەشێوەی نقومکردن و رووپۆشکردنی چەندبارە.

ئامێری تیشکی ژێر سوور

تیشکی ژێر سوور شەپۆلێکی کارۆموگناتیسی یە و لە هەموو تەنێکی گەرم دەرئەچێت ، بەڵام بۆ مەبەستی چارەسەر بیر لە دروستکردنی پێکهێنەری تیشکی ژێرسوور کرایەوە وەک ئامێرێک بۆ بەکارهێنانی لە کەمکردنەوەی ئازار وگرژبوونی ماسولکە و چالاککردنی لێشاوی خوێن لە پێستدا.

بە درێژەشەپۆلی ٧٨٠ نانۆمەتر لەبواری چارەسەری سروشتیدا بەکاردێت.

تیشکی ژێرسوور دەبێتە هۆی دروستبوونی گەرمی لەناو شانەکانی نەخۆش ، بەهۆی گۆڕینی ووزەی کارۆموگناتیسی بۆ ووزەی گەرمی لە ئاکامی هەڵمژینی تیشکی ژێرسووروەوە ، تینی گەرمی یەکە زیاد وکەم دەکات بەپێی (دووری و گۆشەی) سەرچاوەی تیشکەکە و پێستی نەخۆشەکە.

ئامێرێکی سادەیە و بریتیە لە هەڵگرێک و گڵۆپێکی تایبەت بە پێکهێنەری تیشکی ژێرسوور و رووناکی بۆ بەئاراستەکردنی تیشکی ژێرسووروەکە (لەبەرئەوەی تیشکی ژێرسوور نابینرێت) و تایمەرێک بۆ دیاریکردنی ماوەی بەکارهێنان بەپێی پێویست و رێنمایی پزیشکی پسپۆر.

ئامێری تیشکی سەروو وەنەوشەیی

تیشکی سە روو وەنەوشەیی شەپۆلێکی کارۆمۆگناتیسی یە ولە تیشکی خۆردا هەیە ، بەقوولی نزیکەی یەک ملیمەتر لە لایەن پێستەوە هەڵدەمژرێت بۆ بەکارهێنانی لە چارەسەری پێست و قژوەرین و کاراکردنی دروستبوونی ڤیتامین D ، تیشکی سەروو وەنەوشەیی بە درێژە شەپۆلی ٣٨٠ نانۆمەتر لەبواری چارەسەری سروشتیدا بەکاردێت.بەهەمان شێوەی ئامێری تیشکی ژێرسوور ، ئامیرێکی سادەیە و بریتیە لە هەلگرێک و گلۆپێکی تایبەت بە پێکهێنەری تیشکی سەروو وەنەوشەیی (بەتێکەلی گازی ئارگۆن ، جیوە یان نیۆن) و تایمەرێک بۆ دیاریکردنی ماوەی بەکارهێنان بەپێی پێویست و رێنمایی پزیشکی پسپۆر. هەندێک جار هەردوو ئامێری تیشکی ژێرسوور و سە روو وەنەوشەیی لەیەک ئامێردا دروست دەکرین.

ئامێری کورتە شەپۆلShortwave diathermy Machine

ئامێری کورتە شەپۆل لە ئامێرە بەسوودەکانی بواری چارەسەری سروشتی یە بە بەکاهێنانی شەپۆلیکی کارۆمۆگناتیسی کورتشەپۆلی ١١ مەتری و لەرەلەری ٢٧,١٢ میگاهێرتز ، بەبری نزیکەی ٥٠٠ وات .

کورتە شەپۆلی پێویست لەرێی لەر هەپێکهێن (مژبژب Oscillator -) هەوە بەدەست دێت و بەهۆی دوو ئەلەکترۆنەوە ئاراستەی شوێنی نەخۆشەکە دەکرێت و بە تایمەرێک ماوەی بەکارهێنان دیاریدەکرێت بەپێی پێویست و رێنمایی پزیشکی تایبەت.



هێلکاری کارەبایی ئامێری شورت وەیف

بیرۆکەی ئامێر: دروستکردنی گەرمی یەکی قوڵ بۆ ناو شانە و ماسولکەکان بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێست هەبێت.

بواری بەکارهێنانی ئامێرەکە: کەمکردنەوەی ئازار ، هەوکردنی جومگەکانی قۆل و ئەژنۆ و شان و مل.

جۆرەکانی ئەلەکترۆدی ئامێری شۆرتوەیڤ

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەلەکترۆدی ئامێری شۆرتوەیڤ

ئامێری مایکرۆشەپۆل Microwave diathermy Machine

ئامێری مایکرۆشەپۆل بەهەمان شێوە لەئامێرە بەسوودەکانی

بواری چارەسەری سروشتی یە بەبەکاهێنانی شەپۆلێکی کارۆمۆگناتیسی مایکرۆشەپۆلی ١٢,٢٥ سانتیمەتری و لەرەلەری ٢٤٥٠ میگاهێرتز ، بەبری نزیکەی ٢٥٠ وات .
مایکرۆشەپۆلی پێویست لەرێی ماگنیترۆن (Magnetron) ەوە بەدەستدێت و بەهۆی نێرەرێکی ئاراستەکەرەوە ، ئاراستەی شوێنی نەخۆشەکە دەکرێت و بە تایمەرێک ماوەی بەکارهێنان دیاریدەکرێت بەپێی پێویست و رێنمایی پزیشکی پسپۆر.



هێلکاری کارەبایی ئامێری مایکرۆوەیڤ

بیرۆکەی ئامێر: دروستکردنی گەرمی بۆ ناو شانە و ماسولکەکان بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێست هەبێت.
بواری بەکارهێنانی ئامێرەکە : زیادکردنی سوری خوێن ، کەمکردنەوەی ئازار و گرژی ماسولکەکان.

جۆرەکانی نێرەری ئامێری مایکرۆوەیڤ

ئامێری سەروودەنگەشەپۆل Ultra sonic therapy

سەروو دەنگەشەپۆل بریتیە لە شەپۆلە نەبیستراوەکان ، بەلەرەلەری زیاتر لە ٢٠ کیلۆهێرتز.
ئامێری سەروودەنگە شەپۆلی بواری چارەسەری سروشتی ، کاردەکات بەبەکاهێنانی شەپۆلێکی کارۆمۆگناتیسی بە لەرە لەری ١ بۆ ٣ میگاهێرتز بەشێوەی بەردەوام یان پرتە Continuous & Pulsed
سەروو دەنگە شەپۆلی پێویست لەرێی لەرینەوەی کریستاڵێکی تایبەتەوە (پیزۆ) بەدەستدێت و بەهۆی پرۆبێکەوە ئاراستەی شوێنی نەخۆشەکە دەکرێت.
بیرۆکەی ئامێر: دروستکردنی لەرینەوەیەکی دەنگی بۆ دروستکردنی گەرمی و جوڵەی ماسولکەکان و ئێسک و جومگەکان وەک مەساج و شێلانیک .
بواری بەکارهێنانی ئامێرەکە : زیادکردنی سوری خوێن ، کەمکردنەوەی ئازار و گرژی ماسولکەکان ، هەوکردنی ئانیشک وپاژنەی پێ.

بری (دۆزی) پێویستی سەروو دەنگە شەپۆل زیاد و کەم دەکرێت بە گۆڕینی (زیاد و کەمکردنی) :
١. لەرەلەری سەروودەنگەشەپۆل
٢. تینی سەروودەنگە شەپۆل
٣. ماوە(کات)ی بەکارهێنان

ئامێری تێنس

ووشەی تێنس بریتیە لە کورتکراوەی چەند ووشەیەکی ئینگلیزی: Transcutaneous Electrical Nerve Stimulation (TENS)

ئەم ئامێرە زۆر کارایە لە بواری کەمکردنەوەی ئازاردا لەرێی بزواندنی دەمارەوە بەکارەبا وەک چارەسەری سروشتی ، بەبەکاهێنانی شەپۆلیکی کارۆمۆگناتیسی بە نزمەلەرە لەری ٢٠ بۆ ٢٠٠ هێرتز و بەبەکارهێنانی دوو ئەلەکترۆد (پاد) یان زیاتر لەسەر پێست ، بەشێوەی بەردەوام یان پرتە Continuous & Pulsed

بیرۆکەی ئامێر:بەکارهێنانی کارەبا بەهۆی نزمە لەرەلەرەوە بەشێوەی پەلس بۆبزواندنی هەستەدەمارەکان.
بواری بەکارهێنانی ئامێرەکە : جومگەکان ، هەستەدەمارەکان ، لاسەرئێشە ، برینی دوای نەشتەرگەری ، هەستەدەماری دەست و لاق و بربەری پشت.



هێلکاری کارەبایی ئامێری TENS

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەلەکترۆد (پـاد)ی ئامێری تێنس

ئامێری ماسولکە بزواندن بە کارەبـا Electrical Muscle Stimulation – EMS

چارەسەر بە کارەبـاElectrotherapy - ی نزمە ڤۆلتی ، نزمە لەرەلەری ، تەزووی ناوبر جۆرێکی پەسەندکراوی بەشەکانی چارەسەری سروشتی یە ، کاردانەوە بایۆلۆجی یەکان لە ئەنجامی نزمە ڤۆلت و تەزووداً ئاکامێکی باشی دروستکرد بۆ پەسەندکردنی ئەم جۆرە چارەسەرە لە بواری ئازار و گرژبوون و گرفتەکانی ماسولکە و دەمارەکاندا.

چەندجۆرێکی جیاواز لە ئامێری کارەبابزواندن هەیە کە لە هەموویاندا هاوئامانجێک هەیە کە بریتیە لە بزواندنی ماسولکەکان بۆ مەبەستی خاوبوونەوە و گرژبوون یان بزواندنی دەمارەکان بۆ مەبەستی ئازارشکێنی و بزواندنی ئێسک بۆ گەشەکردن و کارئاسانی بۆ زیادکردنی جوولە ، ئەو جۆرانەش بریتین لە :

١. گەلڤانیک – بزواندن بە بەکارهێنانی تەزووی بەردەوام ، ئەم جۆرانەی هەیە :
- تەزووی بەردەوامی راستەوخۆ
- تەزووی بەردەوامی ناوبر
- تەزووی بەردەوامی تینگۆراو

٢. فارادیک – بزواندن بە بەکارهێنانی تەزووی گۆراو ، ئەم جۆرانەی هەیە :
- تەزووی گۆراوی چوونیەک (بەردەوام و ناوبر و تینگۆراو)
- تەزووی گۆراوی ناچوونیەک (بەردەوام و ناوبر و تینگۆراو)

زۆر جار ئەم دوو جۆر ئامێرە لە یەک ئامێردا کۆدەکرێنەوە



هێلکاری کارەبایی ئامێری کە لڤانیک و فارادیک

بیرۆکەی ئامێری گەلڤانیک : بەکارهێنانی تەزووە کارەبـای بەردەوامی نزمە ڤۆلت بۆ بزواندنی ماسولکەکان و هەستەدەمارەکان.

بواری بەکارهێنانی ئامێری گەلڤانیک: بزواندنی هەستە دەمارەکان ، چالاککردنی سوری خوێن ، گرژکردنی ماسولکە.

بیرۆکەی ئامێری فارادیک: بەکارهێنانی تەزووە کارەبـای گۆراوی نزمە ڤۆلتی لەرەنزم ، بزواندنی ماسولکەکان و هەستەدەمارەکان.

بواری بەکارهێنانی ئامێری فارادیک: بزواندنی هەستە دەمارەکان و جولە دەمارەکان ، گرژکردن وچالاککردنی ماسولکەکان و فراوانکردنی خوێنەدەمارەکان و چالاککردنی سوری خوێن .

ئامێری چارەسەر بە بزواندنی موگناتیس Magnetic Stimulation Therapy

یەکێک لە گرفتەکانی بزواندن بە کارەبـا ئەوەیە کە چارەسەرێکی بە ئازار و نەخوازراوە لای نەخۆش ، لەم چەند ساڵانەی دواییدا بیر لە بەکارهێنانی چارەسەر بە بزواندنی موگناتیس کراوەتەوە ، بەتایبەت بۆ هەستەدەمارەکان و دەرکەوتووە کە چارەسەرێکی بێ ئازارە ، هەرچەندە تا ئێستا چەندەها لێکۆڵینەوە لەسەر بزواندن بە موگناتیس کراوە بۆ بەکارهێنانی لەرووی (کاریگەری و بی وەییەوە) ، بەڵام تا ئێستا زۆر بەکار ناهێنرێت.



چەند ئامێرێکی میکانیکی بۆ چارەسەری سروشتی



چەند ئامێرێکی هایرۆسیراپی (چارەسەر بەئاو)



ڕێکخراوی فڕینی شارستانی نێودەوڵەتی

INTERNATIONAL CIVIL AVIATION ORGANIZATION

(ICAO)

ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

بەشی پێنجەم

(پاشکۆی ژمارە ١٠)

سێیەمڕێکی گرنگی بواری فڕۆکەوانی کە بە شادەماری فڕۆکەوانی (عصب الطيران) ناو دەبرێت ئەویش پەیوەندیەکانە واتە ئەو سیستم و ڕێسا و ئامێر و ئامرازانەیە کە پەیوەندی یەکانی بەشە سەرەکیەکانی فڕۆکەوانی پێی ئەنجام دەدرێت کە لە دووتوێی پاشکۆیەکدا تەواو ڕێکار و پێداویستی لایەنە هونەریەکان دیاری کراوە ئەویش پاشکۆی ژمارە (١٠)یە Annex 10 بۆ پەیرەوکردن و ڕەچاوکردنی تا بتوانرێت بە ڕێک و پێکی سەلامەتی و سانایی پەیوەندیەکان ئەنجام بدرێت.

چوار جۆر پەیوەندی لە فڕۆکەوانیدا هەیە:Aeronautical Telecommunication

١. زەوی بۆ زەوی Earth to Earth
٢. زەوی بۆ هەوا (ئاسمان) Earth to Air
٣. هەوا بۆ بە زەوی Air to Earth
٤. هەوا بۆ هەوا Air to Air

بەپێی مادەی (٣٧) لە ڕێکەوتنامەی شیکاغۆ بۆ یەکەم جار سالی ١٩٤٩ ئەنجومەنی ڕێکخراوی ICAO بریاریدا لەسەر پێوەرە نێودەوڵەتییە ستاندەر و ڕاسپاردە تایبەتیەکانی تایبەت بە پەیوەندی (گەیاندن)ەکانی فڕۆکەوانی و ناوی پاشکۆی ئەم بابەتەی بە پاشکۆی ژمارە ١٠ (Annex 10)دا و ڕۆژی یەکی مارس سالی ١٩٥٠ کەوتە بواری جێبەجێکردن.

لەبەر گرنگی بابەت و ڕاسپاردەکانی ئەم پاشکۆیە پێکهاتەکانی لە چەند بەرگێکدا وردەکاری ئەو بابەتانە ڕێکخراوە کە ژمارەیان (٥) بەرگە.

بەرگی یەکەم:

ئامێرە ڕادیۆیە فڕۆکەوانیەکان Radio Navigation Aids

١. ئامێرە فڕۆکەوانیەکانی تایبەت بە نزیک بونەوە و نیشتنەوە و بەجێ هێشتن: Approach , Landing and departure Navigation Aids



ئامێڕی پێوانەی دووری (VOR)

بۆ کۆنترۆڵ کردن و ئاراستە کردن و چاودێری کردنی پرۆسەی نزیک بوونەوەی فرۆکەکان Approach و نیشتنەوە بە ئامێر [Instrument Landing System ILS] ئەم ئامێرانە بەکاردەهێنرێت:

أ- سیستمی نیشتنەوە بە ئامێر Instrument Landing System ILS

ب- سیستمی نیشتنەوە بە مایکرۆوێف Microwave Landing System MLS

ت- سیستمی جیهانی بۆ ملاحەی هەوایی بە بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان Global Navigation Satellite System (GNSS

وێستگەی‌زەمینی سیستمی نیشتنەوەی ئامێری (ILS)



پرۆسەی نیشتنەوەی فرۆکەیەک بە بەکارهێنانی دەزگای نیشتنەوەی ئامێری

هەریەک لەو سیستمانە کە دیاری کراوان چەندین ڕێکار و ئامرازی هەیە بۆ ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی پرۆسەی نیشتنەوە و نزیک بوونەوە چەندین بابەتی گرنگ لە خۆ دەگرێت (لە ژمارەکانی پێشووی ئەم گۆڤارەدا لەسەر هەریەک لەو سیستمانە نوسراون).



مانگە دەستکردەکان لە میلاحەی ئاسمانی

۲. ئامرازەکانی کەشتیەوانی ئاسمانی بۆ ماوە کورتەکان: Short-Distance Navigation Aids

ئەم کۆمەڵە ئامێرە چەند ئامرازێکی ملاحی دەگرێتەوە:

أ- تیشکۆی بێ تەلی پەخشی هەمە لایەنە بە لەرەلەری زۆر بەرز VOR-VHF Omni directional radio range

ب- پێوەری مەوداکان DME: Distance Measuring Equipment

هەریەک لەو دوو ئامێرەی ناوبران چەند جۆرێکیان هەیە لەسەر بنەمای مەودای داپۆشینی کارکردنی سیستمەکە و جوگرافیای شوێن و دانان و بەکارهێنانیان و جێگای فرۆکەخانەکە لەو ناوچەیەدا.



فرۆکەوان چاودێری دۆخی فرۆکەکەی دەکات
لە قۆناغی نیشتنەوەدا لە میلەڕی‌ئامێری نیشتنەوەدا

۳. سیستمی کە شتیەوانی ئاسمانی بە بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان Global Navigation Satellite System (GNSS)

وەکو لە ژمارەیەکی پێشووی گۆڤاردا بەشێوەیەک باس لەم بابەتەکرا ئەم سیستمە لە دواڕۆژدا دەبێتە سیستمێکی نێودەوڵەتی کە تەواوی جیهان پەیرەوی دەکات بۆ پالپشتکردنی قۆناغەکانی فرۆکەوانی لەسەر زەوی و بە

هەمان شێوە لە ئاسمانیشدا.

٤. تێستکردنی هەوایی و زەمینی سیستمی فڕۆکەوانیەکان Ground and flight testing

بۆ دابین کردنی سەلامەتی فرین و نیشتنەوەی فڕۆکەکان و دلنیا بوون لە دروستی ئامێرە فڕۆکەوانیەکانْ تەواوی ئەو ئامێرانەی کە بەکاردەهێنرێنْ بۆ وەرگرتنی داتا و پەیوەندییەکانی فڕۆکەکان دەچێتە ژێر باری پشکنین و تێستی زەوی و ئاسمانی بەردەوام بەپێی بەرنامە و خشتەیەکی دیاری کراو لەلایەن رێکخراوی ICAO و بۆیە بۆ ئەم تێستانە دۆکۆمێنتی ژمارە ٨٠٧١ ی ICAO تەواوی رێکار و پێوەرەکانی بۆ تێستکردنی ئامێرەکان دیاری کردوە کە پێویستە پەیرەوبکرێت لەلایەن سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری فڕۆکەوانی بە تایبەت فڕۆکەخانەکان.

٥. پێکهاتەی ئامێرە فڕۆکەوانیەکان Specifications for Radio Aids

أ- سیستمی نیشتنەوە بە ئامێر (ILS) کە پێکهاتووە لە :

ب-

- سیستمی دیاری کردنی پێگەی ئاسۆیی فڕۆکە VHF Localizer Equipment – VHF
- سیستمی دیاری کردنی پێگەی ستونی فڕۆکە VHF Glide path Equipment – VHF
- پێوەری مەوداکان یان ڕۆژنە VHF Marker beacons (or distance Measuring Equipment (DME.

ت- تیشکۆی پەرش VOR – VHF Specification for Omni – directional radio range (VOR)

ئەم ئامێرە فڕۆکەوانیە لەسەر گوزمەیەک لەرەلەر کاردەکات لە نێوان ١١١,٩٧٥ میگاهێرتز و ١١٧,٩٧٥ میگاهێرتز بەمەرجێ ماوەی نێوان لەرەلەرێک و لەرەلەرێکی تر لە ٥٠ هیرتز کەمتر نەبێت.

VOR ژمارەی ٣٦٠ تیشک پەخش دەکات بە هەوادا لەسەر شێوەی (ڕەحەتی) تا فڕۆکەکە بتوانێت ئەو تیشکانە وەربگرێت لە هەر ئاراستەیەکی فریندا بێت بە سوود وەرگرتن لە سیستمەکانی ناو فڕۆکەکەوە [VOR ی فڕۆکەکە] و بەهۆیەوە فڕۆکەوانی دەتوانێت شوێنی خۆی لە هەوادا دیاری بکات و بزانێت.

پ- پێوەری مەوداکان یان ڕەوشی ڕۆژنە: Specification (for Distance Measuring Equipment (DME



ویستگەی پەیوەندی (زەمین – ئاسمان)

ئەم سیستمە لە دووبەش پێکهاتووە بەشێکیان لەسەر زەوی دادەمەزرێت و ئەوەی تریان لە ناو فڕۆکەکاندا دا ئەنرێت هیچ کامیان بێ ئەوی تر سوودی لێ وەرناگیرێت ، ئەو ئامێرەی کە لە فڕۆکەکەدا دانراوە دەتوانێت لەرەلەری ئامێرەکەی سەرزەوی وەربگرێت و دوری فڕۆکەکە لە شوێنی بەشەکەی سەر زەوی دیاری بکات ، لە فڕۆکەوانی شارستانیدا دوو جۆر DME بەکاردەهێنرێت:

- پێوەری مەوداکان جۆری DME/N ئەم جۆرەیان لەگەڵ VOR دادەنرێت لەسەر زەوی بۆ ماوە دووەکان تا ٥٠ میل دەریایی واتە تا دووری(٩٠ کلم) سگنال پەخش ئەکات .

پەیوەندیەکانی نێوان فڕۆکە و قولەی چاودێری

- پێوەری مەوداکان جۆری DME/ P ئەم جۆرەیان لەگەڵ ILS دائەنرێت لەسەر زەوی بۆ ماوە کورتەکان تا مەودای ٢٥ میلی دەریایی(٤٥ کلم) سگنال پەخش ئەکات

٦. پێداویستیەکانی سیستمی جیهانی بۆ کە شتیەوانی ئاسمانی Requirement for the Global Navigation Satellite System (GNSS)

ئەم سیستمە جیهانیە کە بۆ ملاحەی جوی بەکاردەهێنرێت خزمەتگوزاری فڕۆکەوانی دابین دەکات بە سوود وەرگرتن لە مانگە دەست کردەکان بەکارهێنانی چەند ئامێرێکی هەستیار کە لە ناو فڕۆکەکاندا دانراون , چەند جۆرێک لەم سیستمە هەیە وەک لە خوارەوە ڕوون

کراوەتەوە:



بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان بۆ پەیوەندیەکانی فڕۆکەوانی

• سیستمی جیهانی بۆ دیاری کردنی پێگەGlobal Position System GPS

• سیستمی جیهانی بۆ ملاحەی جەوی بە بەکارهێنانی مانگە ڕوسیە دەستکردەکان (GIONASS).

• سیستمی مانگە دەستکردەکانی سەر فڕۆکەکان.

• سیستمی ملاحەی جوی دانراو لەسەر مانگە دەستکردەکان.

• سیستمی زەمینی بۆ مانگە دەستکردەکان.

۷. سیستمی نیشتەوەی مایکرۆوەیڤی Microwave Landing System MLS Specification

ئەم سیستمە یەکێکە لە سیستمە گرنگ و هەستیارەکان کە بەکاردەهێنرێت بۆ پرۆسەی نزیک بونەوە و نیشتنەوەی فڕۆکەکان بە ئامێر Approach and landingلەسەر فڕۆکەخانەکان ئەم سیستمە چەندین زانیاری سوود بەخش ئەدات بە فڕۆکەوان بۆ دیاریکردنی پێگەی فڕۆکەکەی و چەند زانیار تریش بەهۆی خشتەیەکی ڕێکخراوەکە بە داتای زەوی بە هەوا وەرئەگیرێت ، یارمەتی داپۆشینی ناوچەیەکی فراوان ئەدات بە هەردوو ئاراستەی ستونی و ئاسۆیی لە ناوچەی نزیک بونەوە لە فڕۆکەخانە Approach &Final Approach

بەرگی دووەم:

ڕێکاری پەیوەندییەکان Communication Procedures

۱. جۆرەکانی خزمەتگوزاری گەیاندن و پەیوەندیەکانی فڕۆکەوانی Divisions of Services

گەیاندنی فڕۆکەوانی دابەش دەکرێت بە چوار بەشەوە لەسەر ئاستی جیهان:

• خزمەت گوزاری گەیاندنی جولاو. Aeronautical Mobile Communication

• خزمەتگوزاری ملاحەی هەوایی ڕادیۆیی. Aeronautical Radio Navigation Services

• خزمەتگوزاری پەخشی زانیاری فڕۆکەوانی. Aviation Information Publication Services

۲. کاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەیاندنی فڕۆکەوانی Extensions of Services and closing down of station

لەبەر ئەوەی جموجۆڵی فڕۆکەکان لە ئاسمانی جیهاندا بێ وەستانە و لە مەودای ٢٤ کاتژمێردا ئاسمانی جیهان جەنجاڵە بەفرینی فڕۆکەکان بۆیە پێویستە وێستگەکانی پەیوەندی فڕۆکەوانی بە بەردەوامی خزمەتگوزاریەکانیان دابین بکەن و ئامێرەکان بێ کەم و کوری لە کاردابن.

۳. تۆمارکردنی پەیوەندیەکانی فڕۆکەوانی Record of Communication

بۆ بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لە میانی پەیوەندییەکان بەکاردەهێنرێن پێویستە سەرجەمیان تۆمار بکرێت بۆسوود وەرگرتن لە هەر کاتێک کە پێویست بێت ئەم تۆمارکردنەش بەهۆی چەند سیستمێکەوە دەبێت بە ئۆتۆماتیکی یەکێک لەو سیستمانە Tape Recorder ی سەر زەویە کە لە فڕۆکەخانەکاندا دادەمەزرێت و لە ناو فڕۆکەکانیشدا Cockpit voice Recorder CVR کە سیستمێکی تۆماری دەنگە لە کابینەی فڕۆکەخانەدا دادەنرێت تۆماری دەنگەکانی ناو کابینەی فڕۆکە تۆماردەکات و صندوقی ڕەش کە تەواوی ئەو پەیوەندیانە تۆماردەکات کەلەسەر زەوی یان لە فڕۆکەکانی ترەوە وەردەگیرێت.

٤. خزمەت گوزاری پەیوەندی فڕۆکەوانیە جێگرەکان (Aeronautical Fixed Services (AFS

جۆرەکانی خزمەتگوزاری پەیوەندییە جێگیرەکان ئەمانەی خوارەوەن:

أ- تۆری پەیوەندیە دەنگیەکانی تایبەت بە چاودێری ئاسمانی.

ب- تۆری پەیوەندیە تایبەتەکانی پەخش کردنی زانیاری بارو دۆخی کە ش و هەوا.

ت- تۆری پەیوەندی زەمینی جێگیر.

٥. خزمەتگوزاری پەیوەندی فڕۆکەوانی جولاو – پەیوەندییە دەنگیەکان Aeronautical Mobile Services – Voice Communication

بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی ئەم جۆرە پەیوەندیانە ڕێکخراوی فڕۆکەوانی شارستانی نێودەولەتی چەند تێکستێکی زمانەوانی تایبەتی دیاری کردوە بۆ بەکارهێنان

لەلایەن وێستگەکانی فڕۆکەوانی (زەمینی و لەسەر فڕۆکەکان)، هەروەها ڕێکخراوی ICAO ڕێگای داوە بە بەکارهێنانی زمانی لۆکاڵ لە کاتی نەبوونی تێکستێک بۆ بابەتێکی نوێی ئەگەر ICAO تێکستەکەی دیاری نەکردبو بۆ ڕایی کردنی حاڵەتەکە.

خزمەتگوزاری ملاحەی جوی ڕادیۆیی Aeronautical Radio Navigation Services:- ئەم خزمەتگوزاریە سەرجەم جۆر و سیستم و ئامرازەکانی ملاحەی جوی لە خۆ دەگرێت کە بەسیستمی ڕادیۆیی کاردەکات بۆ فڕۆکەوانی شارستانی، لە کاتێکدا هەر وێستگەک بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە کارکردندا نەبوو پێویستە لە کاتی پێویستدا کە فڕۆکەوان داوای کرد بخرێتە گەر یان ئەگەر لەلایەن هەر لایەنێکی ڕێگە پێدراو یان نوێنەری فەرمی کۆمپانیای فڕۆکەوانی سەر بە فڕۆکەکە داوای کرد بخرێتەگەر.

بەرگی سێ یەم:

سیستمەکانی پەیوەندی Communication System

١. تۆری پەیوەندیە جێگیرەکان Aeronautical Telecommunicating Nature (CATN)

ئەم جۆرە پەیوەندیانە لە فڕۆکەوانی شارستانیدا بەکاردەهێنرێت بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پەیوەندی داتایی (data) لە وێستگەکانی خزمەتگوزاری جموجۆڵی ئاسمانی و کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی.

٢. پەیوەندیەکانی فڕۆکەوانی جۆلاو بە بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان- Aeronautical Mobile Satellite Services (AMSS)

ئەم جۆرە لە پەیوەندیەکانی فڕۆکەوانی بەبەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە مانگە دەستکردەکان ئەنجام دەدرێت بەپێی ڕێکەوتنێکی هەرێمی (اتفاق اقليمي) لە نێوان دەوڵەتاندا کە تیایدا ئەو بەشە لە ئاسمان دیاری دەکرێت کە ئەم جۆرە پەیوەندیەی تیا بەکاردەهێنرێت.

٣. لکی داتای ڕادیاری گەڕانی لاوەکی – بەڕێگای S SSR Mode S Air – Ground Data Link

ڕادار بۆ کۆنترۆڵ کردن لەسەر جموجۆڵی ئاسمانی

تەنها بەکارهێنانی تۆری پەیوەندی یە لاوەکیەکان Modes بۆ دابینکردنی ئەو پەیوەندیانەیە کە پەیوەستن بە سەلامەتی و ڕێککردنی گەشتەکە (انتظام الرحلة).

٤. لکی داتا لەرەلەرە بالندەکانی ئاسمانی – زەوی VHF Air – Ground Digital Link CVDL

لە ڕێگەی ئەم جۆرە پەیوەندیە کە بەلەرەلەری بڵند (VHF) بە ئەنجام دەگەیەنرێت داتاکانی بەڕێگەی VDL Mode 2 و VDL Mode دابین دەکرێت هەروەها بە ڕێگەی VDL Mode 3 پەیوەندیە دەنگیەکان دابین دەکرێت.

بەرگی چوارەم:

سیستمی بینکیری و ڕێگرتن لە پێکدادان Surveillance and Collision Avoidance System

ئەم سیستمە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت کە ئەنجامی بەکارهێنانیان و سوود وەرگرتن لەو خزمەتگوزاریەکانە بۆ دابینکردنی سەلامەتی و بەرگرتنە لەهەر ڕووداوێک کە ڕووئەدات.

١. ڕادای گەڕانی لاوەکی Secondary Surveillance Radar (SSR)

ئەم سیستمی ڕادارە لەلایەن وێستگەکانی چاودێری ئاسمانیەوە بە کارئەهێنرێت کە بەهۆی داتاکانیەوە دەتوانرێت شوێن و ئاراستەی جموجۆڵی فڕۆکەکە دیاری بکات هەروەها دەتوانێت لەسیستمی ناو فڕۆکەکەوە چەند زانیاریەکی گرنگ وەربگرێت وەک بانگەوازی فڕۆکەکە (Call Sign) و بەرزی یەکەی و لە هەمان کاتدا دەتوانێت وەلامی هەر پرسیار و ڕوون کردنەوەیەک بداتەوە کە لە سیستمەکانی زەویەوە لێی دەکرێت .

٢. سیستمی ڕێگر لە پێکدادانی سەر فڕۆکەکان Air borne Collision Avoidance System (ACAS)

وردەکاری ئەم سیستمە لە یەکێک لە بەشەکانی ئەم گۆڤارەدا باس کراوە وەک بیرهێنانەوە ئەم سیستمە لەسەر فڕۆکەکان دادەنرێت و هیچ پەیوەندیەکی بە سیستمەکانی سەرزەویەوە نیە بۆ بەرگرتن لە پێکدادانی فڕۆکەکان ئەو کاتەی کە دەبێتە دروستکردنی مەترسی لەسەر فڕۆکەکە هەڵدەستێت بەدەرکردنی ئاگادارکردنەوە بۆ کابتنی فڕۆکەکە بۆ بە ئاگابوون لە فڕۆکەکەی بەرانبەری ، و لە کاتی نزیک بوونەوەی مەترسیەکە ئەم سیستمە هەڵدەستێت بەدەرکردنی ڕێنمایی (بەشێوەی داتا و دەنگ) بۆ کابتنی فڕۆکەکە بەو ڕێگایانەی کە پێویستە

بگیرێتەبەر بۆ بەرگرتن لـە پێکدادان لەگەڵ فرۆکەکەی بەرانبەری.

بەرگی پێنجەم:

بەکارهێنانـی شـەپۆلە رادیۆیـەکان بـۆ پەیوەندیـە فرۆکەوانیـەکان Aeronautical Radio Frequency spectrum Utilization



میلدەری ئامێری دژە پێکدادان لە بەردەم فرۆکەوانان

دەزگای بەرگرتن لە پێکدادانی ئاسمانی کە رێنمایی بە وێنە و دەنگ دەدا بە فرۆکەوان بە نزیکبونەوەی دوو فرۆکە لە یەکتری

ئـەم شـەپۆلانە تایبەتن بە سیسـتەمەکانی پەیوەسـت بە حاڵەتی کتوپڕی و پرۆسەکانی گەڕان و سۆراغ کردن Frequencies for Emergency Locator Transmitters) ((ELTS) For Search & Rescue

ئەم شـەپۆلانە چەند شـەپۆلێکی دیاری کـراون کە بۆ Emergency و ئەو کاتانە بەکاردەهێنرێن کە ڕووداوی فرۆکەکان ڕووبەدات و گەڕان و سـۆراغکردن دەست پێ دەکات سەبارەت بەو ڕووداوانە.

١. شـەپۆلەکانی سـۆراغکردن و فریاکەوتن Search & Rescue Frequency

لەکاتێکـدا کە پێویسـت بـکات لە پرۆسـەکانی گەڕان و سـۆراغکردن بـۆ ڕزگارکـردن و فریاکەوتنی فرۆکە کارەساتبارەکان دەتوانرێت لەڕەڵەی ٣٠٢٣ میگاهێرتز و لەڕەڵەی ٥٦٨٠میگاهێرتز بەکاربهێنرێن.

٢. چەپکە لەڕەڵەیەکی بەرزی جولاو بۆ خزمەتگوزاری فرۆکەوانی High Frequency Bands Allocated to the Aeronautical Mobile Services

لـە کاتی بەکارهێنانی لەڕەڵەی نێـوان ٢,٨ میگاهێرتز و ٢٢ میگاهێرتز پێویستە ئەوە ڕەچاوبکرێت کە کاریگەری دروست دەکات لەسـەر ئامرازەکانی پەیوەندی ئاسایی کـە پەیوەنـدی بـە فرۆکەوانیـە وە نیـە بۆیە پێویسـتە لەکاتـی بەکارهێنانی ئەو لەڕەڵەرانە ڕەچاوی کاریگەری گەڕەکانیـان بکرێت لەسـەر لەڕەڵـەری بەکارهاتووی ئاسایی لەناوچەکەدا.

٣. بەکارهێنانـی چەپکـە لەڕەڵـەری نێـوان 117.975 میگاهێرتز و 137.000 میگاهێرتز

Utilization in the frequency band 117.975 – 137.000 MHz

لـە کاتـی بەکارهێنانـی ئەم چەپکـە لەڕەڵەدا پێویسـتە نزمترین لەڕەڵەری 118.000 میگاهێرتز بێت و بەرزترین لەڕەڵـەری 139.975 میگاهێرتز بێـت و جیاوازی نێوان لەڕەڵەڕێک و لەڕەڵەڕێکی دی لە 8.33 کیلۆهێرتز کەمتر نەبێت.

سەرچاوە: دۆکیومینتەکانی ڕێکخراوی فرینی شارستانی نیو دەوڵەتی

چاوپێکەوتن

ئەندازیاری شارستانی

نیهاد ڕەشید امین

ئامادەکردنی
گۆڤاری ئەندازیاران

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە هەبەسی زیاتر ناساندن و سود وەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیارێکی بە ئەزمون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز ئەندازیاری شارستانی(**نیهاد ڕەشید امین**)سازدا و لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا ...

ئەندازیاران/ ناوی سیانی؟

وەڵام/ نیهاد ڕەشید امین

ئەندازیاران/ بەروار و شوێنی لە دایک بوون؟

وەڵام/١٩٥٦ خانەقین

ئەندازیاران/ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواو کردووە و پسپۆڕیتان لە چ بوارێکی ئەندازەییدا هەیە؟

وەڵام/

سە ڕەتایی وناوەندی وئامادەیم لە شاری خانەقین تەواو کردوە و زانکۆشم لە کۆلێژی ئەندازیاری شارستانی زانکۆی بەغداد ساڵی (١٩٧٧ – ١٩٧٨) تەواوکردوە .

ئەندازیاران/ ئەو پڕۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووە لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پڕۆژەیەکی خۆتانتان لە هەموان پێ سەرکەوتوترە؟

وەڵام/

- ١٩٧٨ – ١٩٨٠ لەگەڵ کومپانیای FDSP یوغسلافی ئیشم کرد لە دروستکردنی (بینایەکی ئەتۆمی سەر بە وەزارەتی بەرگری لە شاری بەغداد).
- لە ساڵی ١٩٨٠ – ١٩٨٤ ئیشم کردوە لە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەدا لە بەغداد (کرخ) Karkh water supply project کە ئە نجام ئەدرا لە لایەن کۆمپانیای کۆنتینتال ...Continental construction private limited بەریتانی وهندی بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی (ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبونی عێراقدا).

بە ڕاستی زۆر سوودم وەرگرت لەو ماوەیەدا و پڕۆژەی دروست کردنی ئاوی (کەرخ) لە شاری بەغداد زۆر بە گرنگ دەزانم چونکە ئێمە لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیای جیهانی ئیشمان ئەکرد بۆنمونە ئەم کۆمپانیایانە بەشدار بوون لە پڕۆژەکەدا:-

ا- کۆمپانیای (Beny) بەریتانی بۆ سەرپەرشتیکردن .

ب- کۆمپانیای (At king) بەریتانی

بۆ دیزاینکردن .

ج- کۆمپانیای (Ku Bota) یابانی بۆ (بۆری ودکتایل) .

د - کۆمپانیای (Rapid Metal Development R.M.D) بەریتانی بۆ دانانی قالّب و کۆنکرێتکردن .

- ئەندازیاری سەرپەرشتیار بووم لە پرۆژەی چاککردنەوەی (٣) پرد لە باشوری عێراق لە ساڵی١٩٩١دا گرنگترین پرۆژەش لەلام پرۆژەی چاککردنەوەی پردی (قورنە) لە (بەسرە)یە کە درێژی (٣٢٠) مەترە وتوانیمان لە ماوەی (٢) ساڵ پردەکە بگەڕێنینەوە وەکو خۆی . تیایدا هەموو بڕگەکانی (ئەندازیاری شارستانی)مان بەکارهێنا لەم پرۆژە وەکو دروستکردنی سێتیکی نوێ لە (Pile) بە درێژی (٢٠-٢٥)مەتر لە ناو ئاودا (شوێنی یەکگرتنی هەردوو ڕووباری دجلە وفرات) ولە بارودۆخێکی زۆر قورسدا توانیمان ئەم ئیشە ئەنجام بدەین بە مواصفاتێکی زۆر بەرز .

ئەندازیاران/ چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستان جێبەجێدەکرێت لەگەڵ ئەوانەی لە ولاتانی دەرەوەی جێبەجێدەکرێن لە ڕووی ئەندازیاریەوە ؟

وەلام/

١. جیاوازی گەورە هەیە ، لەبەر ئەوەی ولاتانی دەرەوە وەکو (ئەوروپا) هەموو ئەو کۆمپانیایانە یان بەڵێندەران ئەبێت پسپۆڕ بن لە بواری ئیشەکانیان ، بۆ نمونە:-

من ساڵی (١٩٨٣) میوانداری کرام لەلایەک کۆمپانیایەکی ئەڵمانی لە بواری ڕێگاوباندا ئیشیان ئەکرد ناوی (ڤایس ئەند ڤراتیاغ) بە بۆنەی یادی (١٠٠) ساڵەی دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایەوە ، کە لە ساڵی (١٨٨٣) دامەزراوە ، (١٠٠) ساڵ ئیشکردن لە بواری ڕێگاوبان ،بەڵام بەداخەوە لە کوردستان زۆر جیاوازی هەیە ولە کاتی بانگەوازی هەر پڕۆژەیەکدا هەر کۆمپانیایەک بۆی هەیە داوای تەندەری پڕۆژەکە بکات وبەشدار بێت بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە .... وئەمەش یەکێکە لە هۆ سەرەکیەکان کە ئەو پڕۆژانە بە (مواصفاتێکی هونەری بەرز ئەنجام نادرێت).

٢. هەموو ئیستافی پڕۆژەکان لە ولاتانی دەرەوە ئەبێت پسپۆڕ بن لە بواری ئیشکردنیان بۆ نمونە تاڕادەیەک کرێکارە هونەریەکان ئەبێت خولی هونەری وەربگرن.

ئەندازیاران/ ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ ولاتێک؟

وەلام/

١- سلێمانی

٢-Competency training course in procurement USAID.Strategies to address Low – income Housing in KRG / سلێمانی.

٣- برنامج تدریبی فی المناقصات وعقود المشاریع / بغداد .

٤- بڕوانامەی تۆفڵ بۆ زمانی ئینگلیزی بۆ ماوەی (٣) مانگ لە زانکۆی سلێمانی

٥- بڕوانامەی کۆمپیوتەر / زانکۆی سلێمانی (١) مانگ .

ئەندازیاران/ پلە و پۆست و کاری ئێستاتان چیە و لە کوێن؟

وەلام/

-پلەی ئێستام سەرۆک ئەندازیارانی پێشکەوتوو، پلەم لە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستانیش ڕاوێژکارم.

- وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی پارێزگای دیالە ساڵی ١٩٩٦ و بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی پارێزگای (صلاح الدین) لە ساڵی (٢٠٠٠ — ٢٠٠٣)دا.

- ئێستا من لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی خانەقین ئیش ئەکەم و لێپرسراوی بەشی تەکنیک و پڕۆژەکانم.

ئەندازیاران/ * دوا وتەتان.....

وەلام/ لەمیانەی کارکردنی جۆراوجۆری ئەندازیاریمدا بەدرێژایی ٢٥ ساڵ لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی عێراقدا و کارکردنیشم لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠٠٣وە کە سەرجەمیان دەکاتە ٣٧ ساڵ لە دەیەها پڕۆژەدا وەک ئەندازیار و ئەندازیاری جێبەجێکار و سەرپەرشتیکار و لەهەندێکیشیاندا وەک دیزاینەر کارمکردوە .بەهەمان شێوە مامەڵەم لەگەڵ دەیان خاوەنکار و بەڵێندەر و کۆمپانیادا کردوە لە پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاو بان و بینا و باڵەخانەدا، هەروەها لەکاری چاودێری و ئیشوکاری تەکنیکیدا کارمکردوە .. کە لێرەدا هەندێکیان باس دەکەم کە لە ناخمدا کاریگەرییان بەجێهێشتوە و بونەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا زانستی و کارگێڕیەکانم.من وایدەبینم کە پێشکەوتنی توانای ئەندازیار زۆر پێویستە بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی بواری ئەندازیاری کە ئەمەش بەوە دەکرێت توانا و لێهاتووی ئەندازیار بەرزبکرێتەوە لەڕێگەی پێدانی ئەزمون و شارەزایی کۆمپانیا جیهانیەکان لە ولاتانی پێشکەوتودا و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

ئەمەش لەڕێگەی هاندان و کار ئاسانیکردن دەبێت بۆ ئەو کۆمپانیایانە بۆ هاتنیان بۆ کوردستان و کارکردنی پێکەوەیی لەگەڵ وەزارەتەکان و دام ودەزگا تایبەتمەندەکاندا لە بواری بیناو ئاوەدانکردنەوەدا .. لەژێر سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی ئەندازیارانی خۆماندا کە خاوەنی توانا و ئەزمون و شارەزایی کەڵەکەبووی چەندین ساڵە بن کە بتوانن کۆنترۆڵ و مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا.. من وەکو ئەندازیارێک ئامادەم کە ڕاوێژ و خزمەتەکانم پێشکەش بکەم لەبواری ئەندازیاریدا کە ببێتە مایەی خزمەتگەیاندن و پێشخستنی کاری ئەندازیاری لە هەرێمە خۆشەویستەکەماندا.

پۆلیمەر و بەکارهێنانەکانی لەگەڵ قیری شلدا

ئامادەکردنی
ئەندازیار : بەهرۆز جلال محمد

کورتەیەک لە سەر پۆلیمەر

• پێوڵیمەر نزیکەی ٢٠ ساڵ دەبێت لە ئەورووپا لە بواری ئەسفەلتی ڕێگاوبانداا بەکار دەهێنرێت ، بەڵام نزیکترین وڵاتە لە کوردستانەوە کە بەکاریدەهێنێت وڵاتی ئێرانە کە نزیکەی ٦ ساڵە هاتۆتە ئاراوە ، پۆلیمەر {کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی تصفیەکردنی نەوتی خاو} چەندین جۆر و (grade)ی هەیە و بەپێی پێداویستی ڕێگای ئاماژە بۆ پێکراو بەپێی قورسی و ژمارەی ترافیک و پلەی گەرما و جۆر و پێکهاتەی کیمیاوی (لم وچەوی) بەکارهاتوو لە پرۆسەی قیرتاوکردنداا بەکاردەهێنرێت (واتە دیاری کردنی جۆر و گرێدەکەی یەکسەر نابێت و بەپێی تۆژینەوەی کەش و هەوا و جۆری ڕێگاکە دەبێت).

جۆرەکانی پۆلیمەر

دیارترین جۆرەکانی پۆلیمەری بەکارهاتوو (SBS واتە Styrene Butadiene Styrene) و(Lucobit) کە ئەم دوو جۆرە زۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لە ئەورووپا و دەتوانرێت هاوردە بکرێت بۆ کوردستان .

سوودەکانی پۆلیمەری دیاریکراو

• لە هاویندا توانای ئەسفەلت زیاد دەکات بۆ (نەرم نەبوونەوە) واتە زیادکردنی (Plasticity).
• لە زستاندا کە ئەسفەلت ڕەق دەبێت و دەتەقێت ئەم دەتوانێت نەرمی پێ دەبەخشێت کەنەتەقێت و درز نەبات واتە زیادکردنی (Elasticity).
• توانای بەیەکەوە نوسانی نێوان بڕگەکانی قیری شل و چەو و لمی بەکارهاتوو زیاد دەکات.
• توانای بەرگری زیاتر دەبێت بۆ کاریگەری دەرەکی لەسەر چینی قیرتاوکراو.
• تەمەنی چینی قیرتاوکراو زیاد دەکات.
• بەکارهێنانی پۆلیمەر ئەستوری چینەکانی قیرتاوکردن کەم دەکاتەوە.
• بەگشتی لە ڕووی ئابوریەوە پارە و بودجە کەم دەکاتەوە

پۆلیمەر چۆن کاردەکات ؟

• پۆلیمەر مادەیەکە لە پاڵاوتنی نەوتی خاو بەرهەم دەهێنرێت واتە مادەیەکی (Petrochemical)، پۆلیمەری دیاریکراو بۆ ڕێگاکە کاتێک تێکەڵ بە قیری شل (Bitumen) دەکرێت هەڵدەستێت بە هەڵمژینی پێکهاتە چەوریەکان (Oily Component) پاشان قەبارەی پۆلیمەرەکەبە بڕی (٢٠-٥٠) جار زیاد دەکات.
• شێوازی تێکەڵکردنی پۆلیمەر بە تایبەتی جۆری SBS زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی (PMA) واتە ئەسفەلتی چاککراو بە پۆلیمەر هەروەها قیری تێکەڵکراو لەگەڵ بیتومین یان دەبێت لەکارگە بێت ڕاستەوخۆ یان ئەگەر لە جێگایەکەوە بهێنرێت دەبێت لە ٥٠کم دوورتر نەبێت.
• هەروەها کاتی دیاریکراو بۆ تێکەڵکردنی پۆلیمەر و قیر

ڕەنگە چەندین کاتژمێر دەخایەنێت ، و پڕۆسەی تێکەڵکردنی پۆلیمەری جۆری SBS لەگەڵ (Bitumen) پڕۆسەیەکی ئالۆزە و دەبێت دوو تانکی هەبێت کە پانکەی تێکەڵکەری تایبەتی تێدا دەبێت و بەردەوام (Circulation) دەکات تاکو تەواو تێکەڵ بێت وەک لەم وێنانەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە .



بەکارهێنانی پۆلیمەر:-

• جۆری SBS بە زۆری بەکاردێت هەندێ جاریش جۆری (Lucobit)کە (Poly Propela)بەکاردێت ، هەروەها جۆری (Crumb rubber) کە لە ووردکردنی تایە دروست دەکرێت لە هەندێک ڕێگادا بەکاردێت.

بەکارهێنانی پۆلیمەر بەتایبەتی SBS بەفراوانی لە چەند ساڵێ ڕابردوودا لە زۆر وڵات وەک ئێران و دوبەی و ئەوروپا بەکارهاتووە بەڵام لە هەندێک جێگا سەرکەوتوو نەبووە (بۆ نموونە ڕێگای خێرای هیمەت لە ناو تاراندا) بە هۆی دروستبوونی خاسیەتی (Separation) قیر و پۆلیمەر لە یەکتری جیابۆتەوە

• پۆلیمەرەکانی جۆری (SBS و Lucobit بەکاردەهێنرێت لەگەڵ قیری شل بە ڕێژەی (٥٪ـ٧٪) دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی دیزاینەری ڕێگاکە بێت.

• لە کاتی بەکارهێنانی پۆلیمەری جۆری SBS ، ڕێگای تێکەڵ کردن زور گرنگە لە پڕۆسەکەدا .

هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی پۆلیمەری دیاریکراو :-

• دیاریکردنی جۆری پۆلیمەر بەشێوەیەکی سەرپێیی و بێ لێکۆڵینەوە کارێکی سەکەوتوو نابێت وە ڕەنگە زیانی ئابوری گەورەی لێ بکەوێتەوە (ڕەنگە بەکارهێنانی پۆلیمەری نەگونجاو بۆ قیرێکی دیاری کراو زیانی زیاتر بێت لە قازانج و ڕەنگە قیری ئاسایی بەکاربهێنرێت باشترە وەک لە پۆلیمەری هەڵە) بۆیە پێویستە بەووردی دراسەتی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت پێش هەڵبژاردنی پۆلیمەری دیاری کراو.

• لێتوێژینەوە لەسەر پێکهاتەی کیمیایی ((aggregateدەکرێت بە گشتی (ئایا پێکهاتەی Stone Lime ەیان سلیکات....هتد..). جۆری (Bitumen) و پێکهاتەی کیمیاوی ، چونکە نەوتی خاو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت بۆ نموونە نەوتی خاوی ڤەنزوێلا جیاوازە لە هی کەنداوی عەرەبی کە زۆر قورسە ، هەر بۆیەشە قیرەکانیش بەپێی جۆری نەوتی خاو دەگۆڕێت

• لێکۆڵینەوە لەسەر بارو دۆخی کەش و هەوا لە ناوچەی هەرێمی کوردستان (بەرزترین و نزمترین پلەی گەرما لە ساڵەکەداو لە ٢٤ کاتژمێردا).

• لێکۆڵینەوە دەربارەی قەبارەو قورسایی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان کە پێشنیاردەکرێت پۆلیمەری تێدا بەکاربهێنرێت.

• بە گشتی پۆلیمەر تەنها بۆ چینی سەرەوە بەکاردەهێنرێت ، تەنها ئەگەر دیزاینەری ڕێگاکە بڕیار بدات کە چینەکانی ژێرەوەش بەهێز بکات.

• لێکۆڵینەوە لەبارەی بارودۆخی ڕێگای بەکاهاتوو کاتێک

پرۆژەکە بریتی بێت لە چاکردنی و نۆژەنکردنەوەی ڕێگایەکی کۆن.

پشکنینەکانی پۆلیمەر

• بۆ پۆلیمەر پشکنینی دیاریکراو نییە ، بەڵکو کوالیتی پۆلیمەرەکە دەکەوێتە سەرشانی کارگەی دروستکەر کە بەگشتی ئەوروپین ، بەڵام کاتێک تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ قیری شل دەتوانرێت پشکنینی (Homogenous)ی بۆ بکرێت.

• بۆیە دەبێت دیزاینەر دیاری بکات چ جۆرە پۆلیمەرێک هەڵدەبژێرێت هەروەک لە پێشووتر ئاماژەمان بۆ دا ، ئینجا ئەو جۆرە لە کارگەی بەرهەم هێن داوا دەکرێت.

هەروەها بۆ ئەوەی (Approve)ی پۆلیمەر بکرێت دەتوانرێت پشکنین لە تاقیگەی ناوەندی تاران بکرێت بۆ ئەوەی دلنیابیت لە جۆرەکەی لە ڕووی کوالیتیەوە

هەندێک لە باشیەکانadvantagesی پۆلیمەر

• دەست کراوە تر دەبێت لە بەکارهێنانی شێوازی تری نەخشەکێشان بۆ چینی قیرتاوکراو بۆ نموونە دەتوانیت (Porous Course) بەکار بهێنرێت کە توانای تصریف کردنی ئاوی باشتر دەبێت.

• زۆر جار پۆلیمەری شێوازی Rubber بەکاردەهێنیت کە توانای کەم کردنی دەنگی تایە بە چینی ئەسفەلت دەبەخشێت.

• بە بوونی پۆلیمەر دەتوانیت چینی SMA (Stone Mastic Asphalt) بەکاربهێنرێت کە ئەستوری (٤-٥)سم وەک چینی کۆتایی بەکار دەهێنرێت و زۆر بەهێزە بۆ بەرگری کردنی (Rutting).

• هەروەها ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە پرۆسەی (Super Pave)دا. تێبینی جۆراوجۆر لە پارەی بر و نرخی پۆلیمەر

• ئەگەر سالانە (٤٠٠,٠٠٠) تەن بەرهەمی تێکەڵەی قیری بێت (٢٠,٠٠٠) تەن قیری شلی پێویستە و (١٠٠٠) تەن پۆلینەر.

• جۆری (Elustomer) (١)کغم = (٢,٥) $ دۆلاری ئەمریکی.

• جۆری (Plastomer) (١)کغم = (٠,٥) $ دۆلاری ئەمریکی.

• دەبێت جەخت لە جۆری لم و چەوی بەکارهاتوو بکرێت و بزانرێت ئایا (additive)ی (Antistriping) دەوێت یان نا؟!.

• نرخی (١)م٢بایندەر کە بە SBS بکرێت نزیکەی (١,٢٥)$ دۆلاری ئەمریکی زیاد دەکات.

• نرخی (١) تەن لە قیری شلی چاککراو بە پۆلیمەر PMB نزیکەی (٧٠٠)$ دۆلار ئەمریکیە بێ گواستنەوە.

پێشنیاری بۆ چاکردنی ڕێگاوبانەکانی هەرێم :

• لێتوێژینەوە دەربارەی کێشەی قیری شل و بەکارهێنانی پۆلیمەر بکرێت هێنانی تیمێکی پسپۆر پرۆژەیەک دیزاین بکەن وەک (Pilot Project) بە دریژێکی دیاری کراو و پرۆپۆزەلێکی تەواوی پێ ئامادە بکەن.

• هێنانی کۆمپانیای شارەزا لەو بوارەدا کە پۆلیمەری بەکارهێنابێت و ڕێگایەک جێبەجێ بکات و هەموو بەرپرسیارەتیەکی هەڵبگرێت .

• SMA (Stone Mastic Asphalt) : جۆرێکی زۆر پێشکەوتووە لە چینی قیرتاوکراو بە ئەستوری ٤ بۆ ٥ سم دەبێت وەک دوایەمین چینی قیرتاوکردن بەکاردەهێنرێت، تیایدا جۆری چەوی fine بەکاردەهێنرێت و ڕێژەیەک فیللەری چالاککراو Active filler تێکەڵ بە قیرەکە دەکرێت کە وەک ماستێکی لێ دێت هەروەها جۆری چەگلی بەهێز وەک بازلت و گرانیت دەبێت بەکاربهێنرێت و تەنها پەستێنەری ستیل بەکاردێت.

• Cold recycling ، کە دوای ووردکردنی ئەسفەلی کۆن قاشتە دەموودەست چیمەنتۆ و ئەمۆلشی تێکەڵ دەکرێت و فەرش دەکرێتەوە ، پاشان ١ یان ٢ چین لە تێکەڵەی قیری گەرمی لەسەر دادەنرێت.

• Super Pave : کە هەموو جۆرە پشکنینەکان دەکات بۆ قیر بە پێی بەکارهێنانی ڕێگا لە واقیعدا و دیزاین بۆ چینەکە دادەڕێژێت لەسەر بنەمای بەرزترین و نزمترین پلەی گەرمی هەروەها یەکێک لەگرنگترین پشکنینەکان (While truck test)ە بۆ دیاریکردنی Rutting بەکاردەهێنرێت و بەگشتی شێوازی تێستەکانی SHARP زۆر گرنگە بۆ ئەم جۆرە قیرتاوکردنە کە بە هۆی ئەو تێستانەوە Performance grade بۆ قیری شل بدۆزرێتەوە.

گومان لە قیری شل Bitumen لە کوردستاندا

• وەک لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە قیری شل ئێستا سەرچاوەی گومانی هەموو لایەکە چەندین جار ئەو حالەتە ڕوویداوە کە قیری شل سەرەتا چەند پشکنینێکی فیزیاوی بۆ کراوە و سەرکەوتوو بووە پاش (١) مانگ کراوەتەوە (فاشل) بووا ، کە ئەم گۆڕانە خێراو سەیرە لە سیفەتەکانی قیری شل کێشەی گەورەی لە بەردەم هەموو پرۆسەی قیرتاوکردندا ناوەتەوە .

• قیری شل کە ماددەیەکی هایدرۆکاربۆنیە و لە پالاوتنی نەوتی خاو دروست دەکرێت ، جۆری نەوتی خاوو پرۆسەی

پاڵاوتنی کاریگەری لە جۆری قیری شل هەیە بۆ نمونە :-
- نەوتی خاوی عەرەبی ٢٧٪ی قیری شلە
- نەوتی بۆسکان ٥٧٪ی قیری شلە
- قیری شل ڕەنگە فیڵی لەگەڵ بکرێت بە تێکەڵکردنی : ((Oil residue or mazot)) کە دەکەونە ژێرەوەی پرۆسەی تصفیەی نەوتی خاو کە هیچ لە سیفەتە فیزیاویەکانی قیری شل ناکات لە کاتێکدا لەرووی پێکهاتەی کیمیایەوە جیاوازە.
- بە تێکردنی مازۆت (Penetration) بەرز دەبێتەوە و (Viscosity) کەم دەبێتەوە بەڵام قەبارەی قیری شل زیاد دەکات کە ئەمە قازانج دەگەیەنێت بە فرۆشیاری قیری شل، پاشان بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە بە لەهیبی ئاگر گەرم دەکرێت بەمەش (Penetration) نزم دەکەنەوە و (Viscosity) زیاد دەکەنەوە و قیرەکە لە پشکنین دەردەچێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو.

بیرورا و Conclusion

- پۆلیمەر ماددەیەکی گرنگە بۆ چاککردنی خاسیەتەکانی قیری شل زۆر پێویستە بەکاربهێنرێت لە هەندێک لە پرۆژە گرنگەکان لە کوردستان بە تایبەت دووسایدی ڕێگای شارەکان.

- پۆلیمەر ماددەیەکی پترۆکیمیایە لە وێستگەکانی پاڵاوتنی نەوتی خاو بەرهەم دەهێنرێت چەندین جۆر و grade ی هەیە ، کە هەریەکەیان ڕۆڵ دەبینێت لە باشکردنی بەشێک یان زیاتر لە سیفەتە فیزیاوییەکانی قیری شل Bitumen .
- هەڵبژاردنی جۆری پۆلیمەر هەروا بەئاسانی ناکرێت بەڵکو دەبێت لێکۆڵینەوە و پشکنین لە بارەی Traffic load , Climate , Bitumen , Aggregate جۆری ڕێگاکە هەبووە ئەگەر پرۆژەکە Renovation بوو بکرێت ئینجا دەتوانرێت بریار بدرێت .
- ناسراوترین جۆری پۆلیمەری بەکارهاتوو (SBS)ە کە بەتێکەڵی لەگەڵ قیری شل دەفرۆشێت و گوێزانەوەی زەحمەتە، یان دەبێت لە هەرێمی کوردستان لە نزیک کارگەیەکی قیر تاوکردن تێکەڵ بکرێت کە جۆرە کۆگەیەکی تایبەتی پێویست دەبێت ، بەڵام جۆری Lucodit کە ئەلمانییە بەڕادەی دووەم بەکاردێت ئەمیان پرۆسەی تێکەڵکردنی ئاسانترە .

پێشنیاز

١- پرۆژەیەک بە دریژیەکی دیاری کراو بە بەکارهێنانی پۆلیمەر ئەنجام بدرێت و بزانرێت دوای سالێک چی بەسەر دێت ، ئینجا جۆری پۆلیمەرەکە بگشتێندرێت.

٢- دەتوانرێت یەکێک لەو کۆمپانیایە بهێنرێت تەنها ڕۆڵی ڕاوێژکاری و هێنانی پۆلیمەرەکە ببینێت بەڵام جێبەجێکردنی بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن کارگەکانی قیرتاوکردن و تیمەکانی قیری وەزارەتەوە بێت کە ئەمە تێچوونی زۆر کەمتر دەبێت .

٣- بۆ مەسەلەی قیری شل کە جێگای گومانی هەموولایەکە دەبێت لە بنکەکانی پاڵاوتنی نەوتی خاو کۆنترۆل بکرێت ئەگەر نا پێشنیار دەکەین بە دانانی سێتێک ئامێری تایبەت بە پشکنینی کیمیاوی بۆ قیری شل وەک گروپی تێستی SARA کە ASTM ئاماژەی پێداوە.

هەروەها ئەنجامدانی پشکنینەکانی:Paraffin Percentage
Rolling thin Film , aging test
زۆر گرنگە

- ئێمە دەتوانین کۆنتراتێک بە شێوازی (E.P.C) یان

تەنها (E.P) واتە Engineering Procurement ئەنجام بدرێت بۆ بەکارهێنانی پۆلیمەرەکە کە لە حاڵەتی دووەمدا پۆلیمەر دەکرن و تەدریب بە کارمەندانی کارگەکە دەکەن بۆ چۆنیەتی بەکاهێنانی .
- جۆری ئەو پۆلیمەرانەی کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت :-

أ-جۆری SBS , ١٤١٢ کە بەکارهێنانی سیستەمێکی تایبەتی بۆ تێکەڵکردن دەوێت.

ب-جۆری Lucobit کە بەکاهێنانی ئاسانترە.

تیۆرو پراکتیکەکانی GPS (Global Positioning System)

سیستەمی شوێنکەوتەی جیهانی

(GPS Theory and Applications)

ئەندازیاری ڕاوێژکار

قاسم حەمە خورشید حەمە مراد

هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ئەندازیاری شارستانی

ماستەر لە بەڕێوەبردن و سیستەمەکانی زانیاری

email:engqasm@yahoo.com

facebook/qasim.hamakhursheed

سیستەمی جێگەوتەی جیهانی (سیستەمی دیاریکردنی شوێن) GPS

لە ڕاستیدا بنکەی سەرەکی ئەم سیستەمە بۆشاییە، کە تێیدا ئامێڕی تایبەت هەیە بۆ دەستەبەرکردنو پێدانی زانیاری بە کەسانی بەکارهێنەری ئەم سیستەمە ، ئەویش پێدانی زانیاری لەسەر شوێن و خێرایی لەگەڵ زانیاری وورد لەسەر کات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم سستەمە لەسێ یەکەی سەرەکی پێکهاتوە ئەوانیش (۱-بۆشایی، ۲-کۆنترۆڵ(بازگەگری) ، ۳- بەکارهێنەر).



۱-بەشی بۆشایی تاوەرە تایبەتیەکانی مانگی دەستکردی



GPS کەبەشێوەی خولگە نیوە گۆی هاوتا بەدەوری زەویدا دەگرێتەوە.

هەموو مانگێکی دەستکرد هەڵدەستێ بەپەخش کردنی لەرەلەری شێوە (RF) کە پێناسەو (کۆد) بواری نهێنیەکانو لەهەمان کاتدا بەنارمەکردنی زانیاریە کەشتیوانیەکانە.

۲-پارچەکانی(بازگەگری) کۆنترۆڵ بریتین لەوپارچانەی کەبەشێوەیەکی سەرەکی بەم شێوەیە...

MCS (station Master Control) بازگەگرە سەرەکیەکانی پێگە و لەهەمان کاتدا هەندێک پێگەی چاودێری کەر کەبەشێوەیەکی بەربڵاو لەسەر زەوی هەن.

ئەم MCS یانە لێپرسراوی کارەکانن وەک بەدواداچوون ، چاودێری کردن و بەڕێوەبەرێتی تاوەرەکانی مانگە دەستکردەکان وە لەهەمانکاتدا نوێ کردنەوەی زانیاری تایبەت بە کەشتیوانی.

۳-بەشی بەکارهێنەر لەراستیدا بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئامێرێکی تایبەت پێکهاتوە بەوەرگرتنی شەپۆلە کەشتەوانیە رادیۆییەکان ، تایبەت بە وەرگرتن و وەرگێران و چارەسەرکردنی هەموو ئەو کۆدو نامەی زانیاریە کەشتەوانیەکان کە لەبواری GPS ەکانەوە دێن بەشیکردنەوە و پێناسەکردنیان.

بەشی بۆشایی چەند مانگێکی دەستکردن کە تێکڕا ۲۱ مانگی دەستکرد لەگەڵ ۳ مانگی دەستکردی تر کەبەشێوەی فریاکەوتە لە خولگەکاندا بەردەوام لەکاردان. ئەم مانگەدەستکردانە لەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە بەشێوەی

شەش خولگەی فڕۆکەیی، لەگەل ٣ یان ٤ مانگی دەستکردی کارپێکەری لەهەموو خولگەیەکی فڕۆکەییدا.
هەموو فڕۆکە خولگەییەکان بەپێی هێلی ناوەند بەلاریەکی پەیوەندیان هەیە، وە مانگە دەستکردەکان لەسەر خولگەکانی خۆیان لەسەر تەوەرەی کورت (پانی) زەوی بە دەوری ٢٠,٢٠٠ کم ن ، وە مانگە دەستکردەکان بەنزیکی ١٢ کاتژمێریان پێویستە تاوەکو خولگەیەک تەواو دەکات.

بۆ زیاتر ئاشنبوونی وێنەکانی بۆشایی بروانە پێگەی NASA لەسەر تۆری جیهانی ئنتەرنێت بە ناونیشانی
/http://liftoff.msfc.nasa.gov/RealTime/JTrack

کات و پەیوەندی بە GPS

لە مانگەدەستکردەکانی GPS و وەرگرەکانیدا، ئەوەی رۆڵی گرنگ و سەرەکی دەبینێ کاتە واتا گرنگترین شت کاتە، وەبەهۆی کاتەوەیە کە زانیاری شوێنەواری Spatial Data بۆ ئێمە دەستبەردەکات، بۆ تێگەیشتنی زیاتر بروانە ئەم هاوکێشە بنەرەتییە،

Distance to satellite = Speed of light x Time

ڕێژەی ناسینەوەو دۆزینەوەی ئامێری GPS لەگەڵ ئەو کاتەی خایاندوێتی واتا پێی چووە، بەشێوەیەکی زانستیانە بە لێکدانەوەیەکی چڕو وورد بەهۆی کاتژمێر زۆر دەقیقەوە پێوانەی بۆ کراوە، ئامێری GPS ەکە بەپێیە ئەو ژمارەنەی سەرەوە دەکات بۆ هەموو مانگێکی دەستکرد کە نیشانەی لێ وەردەگرێت. بەپێیە بۆ هەموو خاڵێک بەلایەنی کەمەوە ٣ مانگی دەستکرد پێویستە تاوەکو کرداری سێگۆشەکاری بەئەنجام بگات تا بەهۆیەوە بتوانین خاڵێک لەبۆشایدا دەستنیشان بکرێت،بەهۆی ٣ سێ مانگی دەستکردەوە دەتوانین کرداری سێگۆشەکاری نێوان دووخاڵ بۆ خاڵی سێ هەم بکەین،وەک ئەوەی بەهۆیانەوە دەتوانین شوێنی خاڵەکە لەسەر ڕووی زەوی بدۆزینەوە بەڵام بۆ ئەوەی بەرزی خاڵەکە لەئاستی ڕووی دەریاوە بزانرێت ئەوا پێویستمان بە مانگی دەستکردی چوارەم دەبێت.

وورد‌بینی هەستەوەری وەرگرەکان Receiver Accuracy

جۆرەجیاوازەکان لە وەرگرەکانی GPS ئەوانەی کە وەرگری نیشانە رادیۆیەکانن کە لە مانگە دەستکردەکانەوە دەنێردرێت، وە ووردی ئەم وەرگرانە بەجۆرە جیاوازەکانیانەوە بەشێوەیەکی گشتی پشت بەچەند هۆکارێک دەبەستێت کە بەم شێوەیەن-
١-توانای وەرگرەکە بۆ وەرگرتنی نیشانەی رادیۆیەکانی کە مانگە دەستکردەکە دەینێرێت.
٢-وەرگرەکە چۆن ئەو نیشانە وەرگیراوانە بەکاردێهێنێت.
٣- جۆری ئەو پڕۆگرامەی بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی شوێنی وەرگرەکە.
٤-بڕی ئەو تێکچونەی کە لەبەشی ناوەوەی وەرگرەکاندا هەیە.

گێچەڵەکانی جێگەونە The Positioning Problem

ئەو ئامێرەیە کە بەهۆی شەپۆلە رادیۆیەکانی کە لەمانگە دەستکردەکانەوە دەردەچێت دەتوانێت هەستێت بەزانینی شوێنی (پۆوتانی) (x,y,z) خۆی لەسەر زەوی، ئەویش بە لێکدانەوە بەپێی جیاوازی لەگەڵ خاڵی (0,0,0) ی چەقی زەوی. وە ئەم پێوانەیەش هەمیشە تا نزیکەی بڕی ٨٠م دقە گونجاو بووە.
ئەم ئامێرە زانیاری لەمانگە دەستکردەکانەوە وەردەگرێت وەبەلایەنی کەمەوە دەبێت ٤ مانگی دەستکردی لێوە دیار بێت،
هەر مانگێکی دەستکردی وەک (i)، چوار جۆر زانیاری دەنێرێت بۆ سەر زەوی بەپێی پۆوتانی چەقی زەوی خۆیەوە ئەوانیش (xi,yi,zi) لەگەڵ چوارەم زانیاری کە ئەویش بریتیە لە کاتی پێچونی گواستنەوە ti.
دووەمیەکانی xi,yi,zi پێوانە کراون بە مەتر بەدوریان لە چەقی زەویەوە، وە بڕی کاتیش کە ti یە پێوراوە بە nsecon واتا نانۆچرکە.
بەپێیە دووەمی چوارەم لە GPS هەیە کە بریتیە لە کات ti . لێرەوە ئەم کاتە کاریگەری زۆرە لەسەر وەردی پێوانەکان، وە ئەم وەرگرانە زانیاریەکان وەردەگرنەوە لە کاتی Ti دا واتا ئەو کاتەی کەلە کاتژمێری وەرگرەکەدایە، بەو پێیە دەتوانین هەستین بەدۆزینەوەی دووری نێوان وەرگرەکەو مانگەدەستکردەکە بەهۆی ئەم هاوکێشەیەوە ...

$$Pi = c(Ti - ti) \text{ meters;} \quad \text{where } c \text{ is the speed of light in m/nsec:}$$

بەمەرجێ C خێرایی ئەو تیشکەیە کەلە مانگەدەستکردەکەوە دەردەچێت...وە بە مەتر \ نانۆچرکە پێوانە دەکرێت.
ئەو زانیاریانەی کەلەمانگێکی دەستکردەوە i بەدەستمان دەکات بەیەک ئاراستە بەم شێوەیە دەبێت..

$$\vec{s}_i = \begin{bmatrix} x_i \\ y_i \\ z_i \\ \rho_i \end{bmatrix} \quad \text{(data we get from satellite } i\text{)}.$$

گرنگترین گێچەڵی سەرەکی لە GPS دۆزینەوەی پێگەی (جێگەوتە) وەرگرە بە پێی سەنتەری زەوی، لەراستیدا

ئەو ئامێرە وەرگرانە کاتژمێرەکانی ناوی بەشێوەی ئاسان دروستکراوە و جیاوازی هەیە لەگەڵ کاتژمێرەکانی ناو مانگە دەستکردەکان ئەمە وای کردوە کە جۆری لە هەڵە بەدیار کەوێت لەکاتی ژمێرەکردنی پێگەی وەرگرەکان. ئەم هەڵەیەش گەورەتر دەبێت ئەگەر جارێکی تر جارانی خێرای ئەو تیشکە بکرێت کە لەمانگە دەستکردەکەوە دێتەوە، ئەمەش بەم هاوکێشەیە ئەدۆزرێتەوە ..

$$Pi = c(Ti - ti)$$

لێرەوە 10^9 نانۆچرکە(nsec) هەیە بۆ هەر چرکەیەک ...

$$c = 299792458\ m/s$$
$$= 0{:}299792458\ m/nsec$$

بەوپێیە هەر هەڵەیەک لە هەر نانۆچرکەیەکی Ti دا ڕووبدات دەبێت لادانی Pi لە پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بە بڕی ٠,٢٩ مەتر. بەو پێیە بە Pi دەوترێت بواری درۆینە *(pseudorange)* ، هەروەها لێرەدا هۆکارێکی تر هەیە کە کار دەگاتە سەر ئەم پێوانەیە ئەویش بواری کەشوهەوایە، بەڵام لێرەدا بەهەند وەرینەگرین،لەخۆش بەختیدا هەموو مانگە دەستکردەکان کاتژمێرەکەی ناویان بەیەک جۆر کاردەکەن و جیاوازیان لێ ناکرێت بەڵام کاتژمێری ناو وەرگرەکان جیاوازن وەلەگەڵ هەموو مانگە دەستکردەکان هەمان جیاوازی هەیە،بەوپێ وا دائەنێین بەگریمانە ئەو هەڵەیە لە خوێندنەوەی کاتدا ڕووەدات لەسەر وەرگرەکان بە Δt .

واتا هەڵەیەک لە بواردا درۆزنەکەدا ڕووەدات بەبڕی $b = c\,\Delta t$ m بەوپێی بواردا درۆینەکە نامێنێ بەبڕی b،ئەگەر پۆوتانی جێگەوتەی ڕاستەقینەی وەرگرەکە بڕیتی بێت لە (x,y,z) کەواتە پێگە نەزانراوەکەی وەرگرکە ئەگەر بەیەک ئاراستە دایبنێین ئەوا بەم شێوەیەی لێ دێت..

$$\vec{u} = \begin{bmatrix} x \\ y \\ z \\ b \end{bmatrix} \qquad \text{(unknown data about the receiver).}$$

کەواتە گۆڕاوەکانی هاوکێشەکەی بەرهەم دێت پەیوەندیەکی کرداری لەگەڵ دووری کرداری نێوانی مانگە دەستکردەکەو وەرگرەکەدا هەیە بە کۆی بڕی ئەو هەڵەیەی کە باسمان کرد بەناوی بوارەدرۆینەکە ، لێرەوە بۆ هەموو i هاوکێشەکە بەم شێوەیەی دەبێت..

$$\sqrt{(x_i - x)^2 + (y_i - y)^2 + (z_i - z)^2} + b = \rho_i. \qquad (1)$$

وە ئەگەر ئێمە b بگوێزنەوە بۆ لای ڕاستی هاوکێشەکە، پاشان هەردووڵای دووجابکەین بەم شێوەیەی لێ دێت...

$$(x_i - x)^2 + (y_i - y)^2 + (z_i - z)^2 = (\rho_i - b)^2. \qquad (2)$$

لێرەدا پێویستە ئەم هاوێشەیە شیکاری بکەین بۆ دۆزینەوەی چوارنەزانراو ئەوانیش x,y,z,b . ئەگەر ئێمە چوار مانگی دەستکرد هەبوو لە بوارەکەدا ئەوا ئێمەش چوار هاوکێشەمان دەبێت وە چوار نەزانراویشمان دەبێت، وە ئێمە ئەتوانین نرخی نەزانراوەکان بدۆزینەوە، ئەگەر چی ئەم هاوکێشەیە هێڵی نیە واتا nonlinear .

ئەتوانین هەستین بەشیکاری ئەم هاوکێشەیە بە ڕێگەی (جیاکاریوتەواوکاری)calculus .

وەبەبەکارهێنانی ڕێسای نیوتن(Newton's method) بەشێوەیەکی بەردەوامو بەنزیکی ئەتوانین شیکاری هاوکێشەکە بکەین.

* کەمترین شیکاری دووجا A Least-Squares Solution

لێرە ئێمە دەمانەوێ هاوکێشەکە بەرینە سەر هاوکێشەی جەبری هێڵی Linear algebra ، بۆ ئەم کارە ڕێگەی Bancroft (١) بانکۆفت بەکاردێنین کە هەندێ کاریگەری جەبری هەیە بۆ کەمکردنەوەی کرداری دووجاکردن، چەندجارەکردن لەدەرەوەی هاوکێشەکان(٢)، بەم شێوەیە دەبێت هاوکێشەکە...

$$x_i^2 - 2x_i x + x^2 + y_i^2 - 2y_i y + y^2 + z_i^2 - 2z_i z + z^2 = \rho_i^2 - 2\rho_i b + b^2. \qquad (3)$$

بەوپێیە ئەتوانین هەستین بەڕێکخستنەوەی هاوکێشەکە بۆ ئەم شێوەیە..

$$(x_i^2 + y_i^2 + z_i^2 - \rho_i^2) - 2(x_i x + y_i y + z_i z - \rho_i b) + (x^2 + y^2 + z^2 - b^2) = 0. \qquad (4)$$

ناوەڕۆکی نرخەکان وەک سنورداری کردنی شێوەی نرخەکان ، ناساندنی لێکدانی ناوەکی پێی دەوترێت Lorentz inner product

$$\langle \vec{u}, \vec{v} \rangle = u_1 v_1 + u_2 v_2 + u_3 v_3 - u_4 v_4.$$

هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێدێت

$$\langle \vec{s}_i, \vec{s}_i \rangle - 2\langle \vec{s}_i, \vec{u} \rangle + \langle \vec{u}, \vec{u} \rangle = 0,$$

یان بەهاوتایی دەبێت بە

$$\frac{1}{2}\langle \vec{s}_i, \vec{s}_i \rangle - \langle \vec{s}_i, \vec{u} \rangle + \frac{1}{2}\langle \vec{u}, \vec{u} \rangle = 0,$$

وەئەمەش بۆ هەموو مانگێکی دەستکرد دادەنرێت،بۆ ئەوەی هاوکێشەکان بەشێوەیەکی کاتی شیکار بکرێن بۆ هەموو مانگێکی دەستکرد زانیاریەکان بەم شێوەیە ڕێکدەخرێن.

$$B = \begin{bmatrix} x_1 & y_1 & z_1 & -\rho_1 \\ x_2 & y_2 & z_2 & -\rho_2 \\ x_3 & y_3 & z_3 & -\rho_3 \\ x_4 & y_4 & z_4 & -\rho_4 \\ \vdots & \vdots & \vdots & \vdots \end{bmatrix}, \quad \vec{a} = \frac{1}{2}\begin{bmatrix} \langle \vec{s}_1, \vec{s}_1 \rangle \\ \langle \vec{s}_2, \vec{s}_2 \rangle \\ \langle \vec{s}_3, \vec{s}_3 \rangle \\ \langle \vec{s}_4, \vec{s}_4 \rangle \\ \vdots \end{bmatrix}, \quad \vec{e} = \begin{bmatrix} 1 \\ 1 \\ 1 \\ 1 \\ \vdots \end{bmatrix}, \quad \text{and} \quad \Lambda = \frac{1}{2}\langle \vec{u}, \vec{u} \rangle. \qquad (*)$$

ئەگەر ئێمە n دانەمان لەمانگی دەستکرد هەبوو، ئەو کات B

ئەکاتە $(n \times 4)$ وە ماتریکسی $\vec{a}$ and $\vec{e}$ دەبنە $n \times 1$ ی ئاراستە vector وە Λ دەبێتە سکالەر.

بەوپێیە ئێمە ئەتوانین بەنزیکی هاوکێشەی n لە (٦) وە بنوسین وەک $\vec{a}-B\vec{u}+\Lambda\vec{e}=0$ یان $B\vec{u}=(\vec{a}+\Lambda\vec{e})$

وە ئەگەر ئێمە زیاتر لە ٤ مانگی دەستکردمان هەبوو ، ئەوا کەمکردنەوەی کرداری شیکاری دووجای ، شیکاری هاوکێشەی ئاسایی دەکرێت. $B^TB\vec{u}=B^T(\vec{a}+\Lambda\vec{e})$.

شێوەی شیکارەکە بەم شێوەیە دەبێت

$$\vec{u}^*=B^+(\vec{a}+\Lambda\vec{e}), \qquad \text{where} \quad B^+=(B^TB)^{-1}B^T. \qquad (7)$$

شیکارەکەی ئێمە هەردوو $\vec{u}^*$ و Λ گرتۆتەوە بۆ زانینی نەزانراوی $\vec{u}$.

ئەم کێشەیە ئێمەی والێکردوە کاربکەین بە هەمان رۆڵی ئەلجبریک، بەوپێیە بە بەکارهێنانی Lorentz innerproduct وە بەهۆی $\vec{u}^*$ و ناسینی بە $(*)$ ئاراستە Λ

$$\Lambda=\frac{1}{2}\langle B^+(\vec{a}+\Lambda\vec{e}),B^+(\vec{a}+\Lambda\vec{e})\rangle=\frac{1}{2}\langle B^+\vec{a},B^+\vec{a}\rangle+\Lambda\langle B^+\vec{a},B^+\vec{e}\rangle+\frac{1}{2}\Lambda^2\langle B^+\vec{e},B^+\vec{e}\rangle$$

وەبەم شێوەیە دەتوانرێت بنوسرێتەوە

$$\Lambda^2\langle B^+\vec{e},B^+\vec{e}\rangle+\Lambda2(\langle B^+\vec{a},B^+\vec{e}\rangle-1)+\langle B^+\vec{a},B^+\vec{a}\rangle=0. \qquad (Q)$$

بەگشتی چەند زانیاریەک

GPS Global Positioning System سیستمی دیاریکردنی شوێنی جیهانی نقام تحديد المواقع العالمی

ئەم سیستەمە بەهۆیەوە دەتوانین هەستین بە زانینی پێگە لەسەر رووی زەوی ئەویش بەهۆی چەند ئامێرێکی هاوکارەوە.... وە بەیارمەتی مانگە دەستکردەکان

(GPRS (General Packet Radio Service جۆرێکە لەخزمەتگوزاری نوێ بە تۆڕەکانی پەیوەندی و ئنتەرنێتەوە

(AGPS (Assisted Global Positioning System سیستمی هاوکاری دیاریکردنی شوێنی جیهانی

نقام تحديد المواقع العالمی المساعد هۆکارێکی هاوکارە بۆ دیاریکردنی شوێن بەهۆی GPS بەشێوەیەکی وووردتر.

Arc/INFO پرکارترین پرۆگرامی GIS کەتوانای هەیە بە ژمێرە کردنی تۆپۆگرافی و دروستکردنی زانیاری پێگەیی.

Almanac Data لەکاتی دەستپێکردنی مانگی دەستکردەکانی تایبەت بە GPS پێویستی بەو زانیاریانە دەبێت بۆ ژمێرەکردنی پێگەی ئێستای خۆی، ئەم زانیاریە نوێکردنەوەونوژەن کردنەوەی کاتژمێری و ناسینەوەی پێکهاتەی مانگە دەستکردەکەیە بۆ GPS.

ArcView پرۆگرامێکی سەر بە GIS ە پێکهێناوە وە دەتوانین بەهۆیەوە فایلەکانی Arc/GIS بکەینەوەو ببینینەوە.

Attribute پێناسە کردنی هەر پێکهاتەو پارچەیەکی چینەکانی GIS بۆ نمونە وەک ناوی و درێژی تایبەتمەندیەکانی تری.

Base Station یەکەیەکی پێکهاتەی GPSە کەبەشێوەیەکی کاتی پێکهاتوە بۆ زانینی شوێنی ئامێرەکە کەبەهۆی کرداری دۆزینەوەی لابردنی جیاوازیەکانی پێگەکە دەبێتە هۆی راستکردنەوەی پێگەکە بۆ شەپۆلو ئیشارەتەکانی GPS ەوە.

Coordinate System پێکهاتەیەکی پێگەییە کە بەهۆیەوە شوێنی بەرجەستەکان دەزانرێت وەک نرخی لەسەر تەوەرەی درێژیو نرخی لەسەر تەوەرەی پانی هێلەکانی جوگرافی زەوی Latitude / Longitude .



چۆنیەتی لێدانی تونێل

ئامادەکردنی ئەندازیاری ڕاوێژکار
شاهۆ ڕەشید غفور

تـــونێل ..(Tunnel)

ئامانج لە تونێل واتە گەیاندن و نزیککردنەوەی دوو شوێن بە یەکتری هەروەها ئاسانکردنی ڕێگای هاتووچۆو نەهێشتنی هەورازو نشێوی ، ئەویش بە تێپەڕبوونی لە ژێر زەویەوە یان بە ناو شاخدا یان لە ژێر ئاودا.، وێنەی (١) ، تونێل ڕاڕەوێکی داخراوە تەنها هەردوو سەری کراوەیە لە گەڵ هەندێک ڕاڕەوی لاتەنیست کە بۆ چاکسازی (صیانە) بەکار ئەهێنرێت . لە زۆر وولاتە پێشکەوتووەکاندا تونێل تەنها دوو سەر نیە ... بەڵکو چەند سایدێکی لێ جیا دەبێتەوە بە ئاراستەی جیاواز بۆ شوێنی جیاواز.



وێنەی (١) کاریگەری تونێل لەسەر هاتووچۆ

مێژووی بیرۆکەی تونێل...

دروستکردنی تونێل لە شارستانێتی کۆندا بۆ مەبەستی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە یان وەک ئاوەڕۆ بەکاریان هێناوە، بۆ نموونە بابلیەکان ٢١٠٠ ساڵ ...! پێش زایینی ، هەستاون بە لادانی بە شێک لە ئاوی ڕووباری فورات بۆ پێداویستییان ئەویش بە لێدانی خەندەقێک بە درێژی (٩٠٠) م ، پاش ئەوانیش یۆنانیە کۆنەکان هەستاون بە لێدانی چەند تونێلێک بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەیان ، لە بەناوبانگترینیان ئەو تونێلە بوو کەلە دەریاچەی ساموس (Samos) لە ساڵی ٥٣٠ پێش زایینی بە درێژی (١٠٠٠) م لێیاندا لە ناو تاشە بەردا کەلە ناوەوە ڕووپۆش کرابوو بە بۆری گڵین بۆ گەیاندنی ئاوی کانیاوەکان بۆ ناو شار.

هەوەها مصریە کۆنەکان بەپەرۆشترین گەلی ئەو سەردەمە بوون لە جێبەجێکردنی تونێلدا وە چەندین ڕێگەیان داهێنا بۆ هەڵکەندن و بڕینی تاشە بەردە سەختەکان بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٠٠ پێش زایینی بەردی گەورەیان دائەتاشی و پاشان بە قوڵی (١٠ – ٥٠) سم هەڵیان ئەکۆڵی و پارچە تەختەیان تێ ئەکرد پاشان ئاویان ئەکرد بە سەریا، بەمەش قەبارەی پارچە تەختەکان گەورە دەبوو ئەبووە هۆی درزبردنی بەردەکان لە و شوێنانەی کە دەیانوویست ، یان بە گەرمکردنی بەردەکان بە ئاگر پاشان ساردکردنەوەیان دووبارە دەبووە هۆی درزبردنی سەر ڕووی ئەو بەردانەی کە مەبەستیان بوو ڕێرەوی تونێلەکەی پیا بڕوات .

هەروەها لە سەردەمی ڕۆمانیەکاندا چەندین تونێل دروستکران لە بەناوبانگترینیان ئەو تونێلە بوو کە لە

سەدەی چواری پێش زایینی دروستیان کرد بە درێژی

(١٨٣٠)م ، بۆ ئاوی دەریاچەی ئەلبانۆ (Lake Albano) ،پاشان تونێلی (The greatest Roman tunnel)یان لە ساڵی (٥٠) زایینیدا دروست کرد بۆ گواستنەوەی ئاوی دەریاچەی فوشینو (Fuci no) بۆ پێداویستیان کە درێژییەکەی (٥,٦ کم) بوو ، ئەم تونێلەیان لە ماوەی یانزە ساڵدا دروست کرد وە (٣٠,٠٠٠) کرێکار کاریان تیا کرد .

جێبەجێکردنی کاری تونێل لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ماوەیەک وەستا ئەویش بە هۆی نەبوونی ئامرازی پەیوەست بەو کارە ، بە تایبەت لە شوێنە بەردەڵانە سەختەکاندا ، تاوەکو ساڵی (١٦١٣) زایینی لە ئەڵمانیا لە لایەن (مارتین ڤیگل) (Martin Wiegel) هوە ، توانی باروتوت بەکاربهێنێت بۆ تەقاندنەوەی ئەو شوێنانەی کە بەردەڵان و سەختن ، ئەم کارەش زۆر پەرەی نەسەند لە بەر کەمی باروت و گرانی کارەکە .

سەرەتای سەردەمی نوێ بۆ لێدانی تونێل بۆ مەبەستی گواستنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (١٧٦٠ – ١٨٣٠) ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی باروت بە شێوەیەکی بەرفراوان ، وە یەکەم تونێلیش لە لایەن (جیمس برندلی) (James Brindley) پەوە لێدرا لە بەریتانیا بە درێژی (١٧ کم) وە لە ساڵی (١٧٦١) کرایەوە بۆ گواستنەوەی خەڵوز لە کانە خەڵوزی (ورسلی) بۆ شاری (مانشتر) . پاشان لە ئەمەریکا یەکەم تونێلی گەورە دروستکرا لە نێوان ساڵەکانی (١٨١٨–١٨٢١) بە درێژی (١٣٥م) و بەرزی (٥,٥م) بۆ لادانی ئاوی نۆکەندی (سسکهنا) (Susquehanna) لە (بنسلفانیا) (Pennsylvania) .

جۆر و شێوازەکانی بە کارهێنانی تونێل...

لە کۆنەوە تا ئەمرۆ چەندین جۆری تونێل لە لایەن مرۆڤەوە دروستکراوە و سودی لێ بینراوە بە شێوازی جیاواز بۆ کاری جیاواز ، دەکرێت لێرەدا تونێل پۆلێن بکەین بۆ چەند جۆرێک :

١- تونێلی تایبەت بە شەمەندەفەر (railway tunnels):

ئەم جۆرەیان بە گرنگترین تونێل دەژمێردرێت لە گواستنەوەدا ، هەروەها زیاتر لە شوێنە شاخاویەکان لێدەدرێت وە هەندێک جار لە ژێر رووبار و شوێنی نیشتەجێبوونیش لێدەدرێت . وێنەی ژمارە (٢) ، هەروەها تونێلی تایبەت بە (میترۆ) ش هەیە کە ئەمەیان زیاتر لەناو شارەکاندا دروست دەکرێت کە چری دانیشتوانیان زۆرە.

وێنەی (٢) تونێلی تایبەت بە شەمەندەفەر

٢- تونێلی تایبەت بە ڕێگاوبان (highway tunnels):

لە گەڵ زیاد بوونی جوڵەی هاتووچۆ لە ڕێگاوبانە سەرەکییەکان و پێشکەوتنی پیشەسازی ئۆتۆمبێل ، هۆکارێک بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەم جۆرەی تونێل بە تایبەت لەو ڕێگایانەی کە شاخاوی بوون و هاتووچۆ پایاندا سەخت بوو ، هەوەها لە ژێر ئاوی رووبار یان ژێر گۆڕەپانەکان و ئەو شوێنانەی کە پێویستە ڕێگا سەرەکییەکانی پێوە بگەیەنرێت دروست دەکرێت ، وێنەی ژمارە (٣).



وێنەی (٣) تونێلی تایبەت بە ڕێگاوبان

٣- تونێلی تایبەت بە پیادە (pedestrian tunnels):

ئەم جۆرە تونێلە لە ژێر جادەو بانەکان لێدەدرێت بۆ هاتووچۆی هاوولاتیان و بۆ پەرینەوەیان بە کار ئەهێنرێت ، لەم سەرو ئەوسەری جادەکەوە بە پلیکانە یان ئەسانسێر دائەبەزیت و سەر دەکەویت ، وە لە هەندێک ولاتدا

ئەم تونێلە لە ژێر جادەو بانەکاندا بەرفراوان دەکرێت و وەک بازار و مارکێت هاوولاتیان سوودی لێ دەبینین ، وێنەی ژمارە (٤).

وێنەی (٤) تونێلی تایبەت بە پیادە

٤- تونێلی تایبەت بە وێستگەی بەرهەم هێنانی کارۆ ئاوی (hydro electric plant tunnels): ئەم جۆرە تونێلە زیاتر لە سەر بەنداوەکان دروست ئەکرێت بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا، ئەویش بەرۆیشتنی ئاوی عەمبارکراو لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ شوێنێکی نزم و بەرکەوتنی لە تۆربینەکان ئەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا وەک لە وێنەی (٥) دیارە ، زیاد و کەمی رێژەی بەرهەم هێنانی ئەم وزەی کارەبایە بەندە بە ئاستی بەرزی عەمبارە ئاوەکە لە گەل بری ئاوی رۆیشتوو بە تونێلە شێوە بۆریەکەدا ، ئەمەش لە بەنداوی دووکان و دەربەندیخان هەیە کە سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ خزمەت گوزاری هاوولاتیان.



وێنەی (٥) تونێلی تایبەت بە کارۆ ئاوی

٥- تونێلی تایبەت بە دابینکردنی ئاو (water tunnels): ئەم تونێلەش بە کار ئەهێنرێت بۆ گواستنەوەی ئاوی خواردن لە کانی و رووبارەکان بۆ عەمبارەکانی کۆکردنەوەی ئاو لە نزیک شارەکان و دووبارە دابەشکردنەوەی بە سەر هاوولاتیانەدا ، هەرچەندە ئەم جۆرەی تونێل ئێستا کەمتر کاری پێ دەکرێت وە ئەکرێت لە جۆری تونێلەکانی تری تایبەت بە شەمەندەفەرو رێگاوبان و پیادە سود لەم کارە وەر بگرین ئەویش بە تێپەربوونی بۆری ئاو بە ناو ئەم تونێلانەدا بۆ شوێنی مەبەست وەک گواستنەوەی ئاوی قەلاچوالان بە بۆری بۆ پرۆژەی هەواری شار بە ناو تونێلی پێشرەودا .

٦- تونێلی تایبەت بە ئاوەرۆ (sewer tunnels): بەکار هێنانی ئەم تونێلەش بۆ ئاوەرۆ دەبێت ، واتە هەموو ئەو ئاوەرۆیانەی کە لە شوێنە نیشتەجێکان و شوێنە پیشەسازییەکانە , شێوەی ئەم تونێلە وەک تونێلی تایبەت بە دابینکردنی ئاو وایە ، تەنها جیاوازییەکەی ئەوەیە کە رووکاری دیواری ئەم تونێلە دەبێت بە جۆرە مادەیەکی تایبەت بە دژەئۆکساندن داپۆشرێت بۆ ئەوەی کارلێکی کیمیاوی لە گەل ئاوو پاشەرۆکەدا دروست نەبێت و نەبێتە هۆی داخورانی دیواری تونێلەکە یان هەندێک جار بە هۆی ئەو کارلێکە کیمیاویەوە پالەپەستۆیەکی زۆر لە ناو تونێلەکەدا دروست دەکات و ئەبێتە هۆی تەقینەوەی تونێلی ئاوەرۆکە.

٧- تونێلی تایبەت بە خزمەت گوزاری (utility tunnels): جێبەجێکردنی ئەم تونێلەش زیاتر لە ناو شارەکاندایە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاوولاتیان ، وەک گەیاندنی کێبلی کارەبایی و هێلی تەلەفۆن و بۆری ئاوو بۆری غاز لە ژێر زەویەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنە پیشەسازیەکان ، وێنەی (٦).

وێنەی (٦) تونێلی تایبەت بە خزمەت گوزاری

مەرجی بنیاتنانی تونێل :

- هەلبژاردنی ئاراستەی تونێل : زووربەی ئەو تونێلانەی کە دوورو درێژن بە شێوازێکی رێک و راست لێنادرێن بەلکو زۆر جار لادان لە ئاراستەیان دەبێت ئەویش

بە هۆی خۆ لادان لە شوینە بەردەلانە سەختەکان کە کارکردن تیایاندا زۆر گرانە ، وە هەڵبژاردنی ئەو شوێنانەی کە گڵی نەرمن و کارکردن تیایاندا ئاسانە ئەمەش سوودی هەیە بۆ کەمکردنەوەی کات و گۆڕەپانی پرۆژەکە هەرچەندە ئەبێت ئەوەش لەبەر چاو بگرین ئەو شوێنانەی کە گڵی نەرمن مەترسی دارمانیان زیاترە لە کاتی ئیشکردن تیایاندا ئەوپش دەبێت چارەسەری خێرای بۆ بکرێت بە دانانی پالپشت بۆ تونێلەکە (کە لە دواییدا باسی دەکەین).

پێویستە ئەندازیاری شارستانی دڵنیا بێت لەم مەرجانەی لای خوارەوە لە کاتی جێبەجێکردنی لێدانی تونێلدا :

١- دەبێت رەچاوی ئەو پرۆژانە بکرێت کە لە سەرووی تونێلەکەوە هەن یان دەکرێن بە تایبەت پرۆژەی گەیاندنی تۆری ئاو ، چونکە لە ئەنجامی لێچوونی ئاو یان تەقینی بۆریەکان ئەبێتە هۆی داروخاندنی تونێلەکە .

٢- پێویستە ئاراستەکەی بە گلێکی نەرمدا بروات (وەک پێشتر باسمان کرد)

٣- نابێت ئاراستەی شوێنێک هەڵبژێرین کە لە سەر هێڵی بومەلەرزە بێت یان گەرمی و غازێکی زۆری پەستێنراو هەبێت و ببێتە هۆی گرکان.

٤- پێویستە رێژەی (٢٪) لاری (Slop) بدرێت بە هەردوو سەری تونێلەکە بۆ دەچوونی ئاوو ئاوەڕۆی بارانەو.

٥- پێویستە قوڵی تونێلەکە لە ئاستی ڕووی زەوییەوە بزانرێت .

٦- هەروەها ئەبێت دووڕییەکانی تونێلەکە بزانرێت (بەرزی و پانی) لە گەڵ درێژی تونێلەکەدا .

٧- زانینی ئامانج لە لێدانی ئەم تونێلە و بری بودجەو ئامێری پێویستی بەردەست بۆ ئەم کارە لە گەڵ کاتی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ، ئەمە جگە لەوەی کە پێویستە ئەندازیاری دیزاینەرو جێبەجێکار شارەزاییەکی پێشینەیان هەبێت لەم کارەدا .

ئەوەی کە زۆر گرنگ بێت لەم مەرجانەی سەرەوە ئاماژەی پێ بدەین سەلامەتی ستافی جێبەجێکارە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە ، ئەویش نەوەک تەنها لە مەترسی هەرەس و داروخان ، بەڵکو لە مەترسی کەمی هەوا گۆڕکێ (Ventilation) لە ناو تونێلەکەدا بە تایبەت ئەو تونێلانەی کە دوور و درێژن یان لە ژێر ئاودان ، ئەمەش زۆر جار بووەتە هۆی گیان لە دەستدانی کرێکاران ، هەروەها پێویستە پاش تەواو بوونیشی گرنگی زۆر بدرێت بە سیستمی هەوا گۆڕکێ و ڕووناکی و ئیمیرجینسی ناو تونێلەکە.

• پشکنینی جیۆلۆجی :

پێش جێبەجێکردن و لێدانی هەر تونێلێک پێویستە پشکنینی جیۆلۆجی بکرێت بۆ ئەو شوێنەی کە تونێلەکەی پیا تێپەڕ ئەبێت وەک جۆری چینەکانی خاک (بەردەلان و نەرم) و ئاستی ئاوی ژێر زەوی (جۆر و بڕەکەی) ، هەروەها وەرگرتنی خاڵی پشکنین (core) بۆ دیاری کردنی ڕەوشی ئەندازەیی چینەکانی خاک.

دوای دیاری کردنی ئاراستەی تونێلەکەو پشکنینی جیۆلۆجی بۆ چینەکانی ئەو زەویەی تونێلەکەی پیا تێپەڕ ئەبێت پێویستە دیزاینی پانە برگەی (Cross section) ی تونێلەکە دیاری بکرێت لەگەڵ ووردەکاری شێوازی دروستکردنی بەشەکانی تونێلەکە بخرێتە ڕوو (کە پاشان باسی دەکەین) .

پانە برگەی تونێل شێوازی جیاوازی هەیە زۆر جار لەسەر شێوەی بازنەیی دەبێت ئەمەش بۆ بەرگەگرتنی هێزی دەرەوەو ناوەوەیە ، سروشتی زەویەکە کاریگەری لە سەر پانە برگەی تونێلەکە هەیە ، بۆ نموونە ئەگەر خاکی زەویەکە نەرم و فشەڵ پوو ئەوا پێویستە لە سەر شێوەی هێلکەیی بکرێت ، بەڵام ئەگەر خاکی زەویەکە تێکەڵ بوو ئەوا شێوەی بازنەیی وەردەگرین .

هەروەها دیزاینی پانە برگەی تونێل (Cross section) بەندە بە جۆری هاتوو چۆ تیایدا ، بۆنموونە تونێلی تایبەت بە هێلی شەمەندەفەر پانە برگەکەی لە سەر شێوەی نالی ئەسپە (horse shoe shape) ، وە تونێلی تایبەت بە هێلی میترۆ لە سەر شێوەی سەپەتەی باسکەیە ، وە تونێلی تایبەت بە پیادە ڕۆیی هاوواڵتیان لە سەر شێوەی لاکێشەیی یان نیوە بازنەیی دەبێت ، وە تونێلی تایبەت بە هاتووچۆی ئۆتۆمبێل جۆراوجۆرە (لاکێشەیی یان نیوە بازنەیی یان نالی ئەسپ) دەبێت ، لە کوردستان تونێلی (پێشرەو) لە سلێمانی پانە برگەکەی لە سەر شێوەی (نالی ئەسپە) ئەم تونێلە بە گەورەترین پرۆژە دا ئەنرێت لە عێراقدا لە ماوەی بیست سالی ڕابوردوودا ، درێژی ئەم تونێلە (٢,٣٤٤) مەترە ، وە (

وێنەی (٧) تونێلی پێشرەو لە سلێمانی

٥٨٠م) کەوتووەتە ژێر شاخی گوێژەوە ، گوژمەی ئەم پرۆژەیە (١٣,٢٩٩,٠٠٠) دۆلاری تێچووە بەبێ سیستمی (ڕوناکی و هەوا گۆڕکێ) (Lighting and ventilation system) لە بەرواری (٢٠٠٤/١١/١) لە لایەن کۆمپانیای (ICG) ئێرانی دەست کراوە بە جێبەجێکردنی.وێنەی (٧)

دەستپێکردن بە لێدانی تونێل ...

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە چۆنیەتی لێدانی تونێل و قۆناغەکانی دەستپێکردنی هەوڵ ئەدەم بە وێنەوە باسی هەریەکە لە قۆناغەکان بکەم و ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدەم ،وێنەی (٨)



وێنەی ژمارە (٨) قۆناغەکانی هەڵکەندنی تونێلی تێدا دیارە

پاش دیاریکردنی ئاراستەی تونێل و پشکنینی جیۆلۆجی وەک پێشتر باسمان کرد دەست دەکەین بە لێدانی تونێل بەم قۆناغانەی خوارەوە :

١- هەڵکەندن (Excavation): هەڵکەندن و لێدانی تونێل بە دوو شێواز دەکرێت

أ – هەڵکەندن و لێدانی تونێل بە تەقینەوە (Blasting Excavation) :

وەک پێشتر باسمانکرد هەڵکەندن یان هەڵکۆڵینی تونێل بە تەقینەوە زیاتر ئەو جۆرانەی چینی زەوی دەگرێتەوە کە بەردەلان و سەختن ناتوانرێت بە ئاسانی کاری هەڵکۆڵینیان تیا ئەنجام بدرێت ، بۆ ئەم کارەش ڕووی تونێلەکە واتە پانە برگەکەی وەردەگرین وە دابەشی دەکەین بە دوو بەشی یەکسان وەک لە وێنەی (٩) دیارە،



وێنەی ژمارە (٩) دابەشکردنی ڕووی تونێلەکە و دیاریکردنی خاڵی کونکردن

پاشان بە ئامێری دریلی کونکەر (Hydraulic jumbo) ڕووکەشی تونێلەکە بە تیرەی چەند سەنتیمەترێک بە گوێرەی پێویست چەند کونێکی تێدەکرێت لەهەردوو بەشی لای ڕاست و چەپی تونێلەکە.

قوڵی ئەم کونانە لە نێوان (١,٢٠ – ٣,٥٠ م) وە نابێت ئەم قوڵیە لە پانە برگەی تونێلەکە زیاتر بێت ، وەک لە وێنەی (١٠) دیارە ، ئینجا ئەم کونانە پر دەکرێن لە کەرەستەی تەقەمەنی و لە دووریەکی پێویست بە شێوازێکی زانستیانە دەتەقێنرێنەوە ، پاشان خۆڵ و خاشاکی پاشماوەی تەقینەوەکە فڕێ دەدرێتە دەرەوە.

وێنەی ژمارە (١٠) ئامێری کونکردنی خاڵەکانی ڕووکاری تونێلەکە

کرداری تەقینەوەش زۆر جار زیان بە تونێلەکەو زەویەکەی دەوروبەری دەدات بە تایبەت ئەو باڵەخانانەی نزیکن لە تونێلەکەوە لە ئەنجامی لەرینەوەی زەویەکە زیان بە پێکهاتەی بیناکەی دەدات، هەروەها دەنگی تەقینەوەکەش ئازاری ئەو خەڵکانە دەدات کە نزیکن لە تونێلەکە، ئەمە جگە لە خەرجی زیادەی هەڵکەنین چونکە زۆر جار ئەبێتە هۆی شێواندنی ڕووی ناوەوەی تونێلەکەو دروست بوونی کێشە بە هۆی زیانەکانەوە، بۆیە پێویستە خۆمان بە دوور بگرین لەم کرداڕە بە تایبەت لە دروستکردنی تونێل بۆ میترۆی ناو شارەکان . بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم کرداڕەداو کەمکردنەوەی کاریگەری زیانی لەرینەوەی تەقینەوەکە پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێین :

١) دیاریکردنی ماوەی تەقینەوەکە واتە لە کاتێکدا بێت خەڵکی زۆر لە دەوروبەری شوێنەکەدا نەبن.

٢) توانای کۆنترۆڵکردنی بەشێکی یان هەموو تەقینەوەکە.

٣) گۆڕینی ئەم کرداڕە بۆ هەڵکەندنی میکانیکی.

٤) بە دەست هێنانی دەرگای دەنگ بڕ (Soundproof door) واتە دەنگ تێپەڕ نەبێت پایەدا وێنەی (١١) ئەمەش لە سەرەتای تونێلەکەوە دائەنرێت بۆ ئەوەی خەڵکی نزیک دەوروبەری تونێلەکە هەراسان نەبن.

وێنەی ژمارە (١١) دەرگای دەنگ بڕ

ب – هەڵکەندنی میکانیکی (Mechanical Excavation):

ئەم جۆرەی هەڵکەندنیش بە ئامێری میکانیکی دەبێت کە ئێستاکە جۆرێکی زۆر جیاواز لە ئامێری پێشکەوتوو تایبەت بە هەڵکۆڵینی تونێل دروستکراون و کارئاسانیان کردووە لەم بوارەدا ، وێنەی (١٢)

هەرچەندە ئەم شێوازەی هەڵکەندن هێواشی پێوە دیارە بەڵام سەلامەتترەو زیان بە پێکهاتەی زەوی دەوروبەری تونێلەکە ناگەیەنێت.

وێنەی ژمارە (١٢) ئامێری برین و هەڵکۆڵینی تونێل

٢- دەردان و فڕێدانی پاشەڕۆی هەڵکەندن (Mucking):

ئەم کاری دەردان و فڕێدانەش پاش قۆناغی هەڵکەندن دەبێت کە پێویستە ئەو خۆڵ و بەردەی هەڵکەندراوە بە گەلابە یان بە پشتێنی قایش بگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی تونێلەکە.

٣- پاڵپشت (Support):

پاش چێبەجێکردنی قۆناغی یەکەم و دووەم کە بریتی بوو لە هەڵکەندن و فڕێدانی پاشەڕۆی هەڵکەندراو، پێویستە دەست بەجێ پاڵپشت بۆ ئەو بەشە هەڵکەندراوەی تونێلەکە دابنێین بۆ ئەوەی تووشی دارمان نەبێت.

پاڵپشتکردنی تونێلە هەڵکەندراوەکەش بە سێ جۆر دەبێت کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

أ- شێلمانی یاریدەدەر (Steel Support):

جۆرێکە لە جۆرەکانی پاڵپشتی تونێل بە تایبەت بۆ ئەو زەویانەی کە جۆری خاکەکەیان لاوازە، راستەوخۆ پاش کرداری هەڵکەندن و فڕێدان ئەم کارە ئەنجام ئەدرێت وێنەی (١٣)

وێنەی ژمارە (١٣) شێلمانی یاریدەدەر (Steel Support)

